# دەوڵەتی ئەمەوی و کەسایەتی خەلیفەکانی لەدیدو بۆچوونی هەندێ لەرۆژهەڵاتناساندا

د. نەبەز مەجید ئەمین
کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتیەکان
زانکۆی سلێمانی

## پێشەکی :

ڕۆژهەڵاتناسان هیچ کەلەبەرێك لە مێژووی ئیسلام دا بەگشتی و مێژووی سەردەمی ئەمەویەکان بە تایبەتی نەماوە گەر بێتوو بە پێی ڕێبازی جۆراو جۆر لێی نەکۆڵیبێتەوە و شەن و کەوی نەکردبێت کە ناوەڕۆکەکەیان بە پێی جیاوازی بۆچوونی نووسەرەکانی جیاواز بووە .

فاکتەرەکانی تەسکبینی و سیاسەت بۆ ماوەی چەندین سەدە ڕووی ڕاستی لە ڕۆژئاواییەکان پەردە پۆش کردووەو وای لێ کردوون شوێن و پایەی ئیسلام لە مێژووی گشتی و ڕۆڵی موسوڵمانان لە شارستانیجیهاندا ڕەت بکەنەوە .

پێدەچێت لایەنگیری و تێڕوانینی تاك لایەنانەو نا گشتگیری - کە بەرهەمی باروودۆخی ژینگەیی و ڕەگ و ڕیشە کەلتووری و ئاینی و ئارەزووە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتناسی بووە - دیاردەیەکی ڕوون و ئاشکرا بووە لە دام و دەزگا ڕۆژهەڵاتناسیەکاندا بە درێژایی قۆناغە جیاوازەکانی گەشەکردنی .

لە ڕاستیدا مەسەلەیەکی سەیرو سەر سوڕهێنەر نیە کە ڕۆژهەڵاتناسەکان لەگەڵ موسوڵمانان خاوەنی ڕای جیاواز بن سەبارەت بە ئیسلام ، بەڵکو سەیر لەوەدایە کە لەگەڵیاندا ڕێك بن لە ڕایەکانیاندا ، چونکە ڕوانگەی بیرکردنەوەی ئەوان سەبارەت بە ئیسلام جیاوازە لە ڕوانگەیەی بیرکردنەوەی موسوڵمانان .ڕۆژهەڵاتناسەکان بە چاویلکەیەك تەماشای ئیسلام دەکەن کە مێژوویان بە ڕەنگێك تەڵخ دەکات کە زۆر لە لایەنە چاکەکانی دەشارێتەوەو هەڵەکانی گەورە دەکات ، بۆ نمونە دێڕە شیعرێك یا قسەی سەردارێکی ئیسلام یا ڕستەیەکی نێو دیالۆگێك یا هەڵسوکەوتی دەسەڵاتدارێك دەکەن بە بەردەبازو هەڵوەستەی لەسەر دەکەن و گوشار دەخەنە سەری بە مەبەستی ئەوەی کە ڕووی ڕاستی لێ وەرگێڕن ئەو مومارەسەو هەڵس و کەوتە پۆزەتیف و ڕۆشنانە وەلا نێن کە کۆمەڵگای ئیسلام بە خۆیەوە بینی بوو .

سەبارەت بە ناوەڕۆکی باسەکە وام بەباش زانی کە دابەشی بکەم بۆ دوو بەش ، لە بەشی یەکەمدا دەوڵەتی ئەمەویم وەك دەزگایەکی سیاسی لە دیدو بۆچوونی هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناساندا خستۆتە بەر باس و لێکۆڵینەوە بێ ئەوەی ئاوڕ لەلایەنە لاوەکیەکانی سیاسەتی ناوخۆودەرەکی

دەوڵەتی ئەمەوی بدەمەوە ،و بەشی دووەمی باسەکە تەرخان کراوە بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی کەسایەتی خەلیفەکانی دەوڵەتی ئەمەوی وەك ( معاویە و عبدالملك و وەلید و سلیمان و عمری کوری عبدالعزیز و یەزیدی دووەم و هشام و وەلیدی دووەم ) .

سەبارەت بەو سەرچاوەو دانراوانەی کە لەنووسینی ئەم باسەدا سودم لێ وەرگرتووە ئەوە نووسینەکانی (یولیوس فلهاوزن) بە پلەی یەکەم دێن ، بە تایبەت لە کتێبی ( الدولة العربیة و سقوطها) چونکە ئەم ڕۆژهەلأتناسە لە پێش هەموو ئەوانەوە دێت کە لەسەر (دەوڵەتی ئەمەوی) شتیان نوسیوە لە زۆر لە لایەنەکانەوە ، ئەوەش بە پشت بەستنی سەرەکی بە سەرچاوە عەرەبییەکان و ڕۆژهەلأتناسانی پێش خۆی ، بەلأم (هاملتون جب) ئەوا لە (تفسیر الاسلامی للتأریخ) دا سوودم لێ وەرگرت لە بەشی یەکەمدا چونکە تێیدا وەك دەزگایەکی سیاسی باس لە دەوڵەتی ئەمەوی دەکات ، دواتر (کارل بروکلمان) دێت لە کتێبی (تأریخ الشعوب الاسلامیة) دا کە سوودی پێ گەیاندم لە بەشی دووەمیدا ، هەرچەندە بروکلمان زۆر جار لە گێڕانەوەکانیدا پشت بە نوسینەکانی (فلهاوزن) دەبەستێت لە کتێبی (الدولة العربیة و سقوطها) بەلأم لەهەمان کاتدا پشت بە ڕاوبۆچوونی ئەو ڕۆژهەلأتناسانە دەبەستێت کە دەستم لە سەرچاوەکانیان گیرنەبوو وەك(لامانس) و (فان فلوتن) و (فون کریمر) و (موللر) ئەوانی دیکە.

دواتر (دوزی) ڕۆژهەلأتناس دێت لە کتێبی (تاریخ مسلمی اسپانیا) کە تێیدا کەرەستەیەکی بە پیت و خاوەن ڕەهەندێکی ڕۆژهەلأتناس ڕوون و ئاشکرامان پێشکەش دەکات ، هەروەها کتێبی (تاریخ العرب العام) ی ڕۆژهەلأتناس(ن.م.سیدیۆ) کە سوودم لە هەندێك لایەنی تایبەت بە دەوڵەتی ئەمەوی لێ وەرگرت. بەلأم ڕۆژهەلأتناس (انتونی نتنج) لە کتێبەکەیدا بەناوی (العرب انتصاراتهم و امجاد الاسلام) لە مەسەلەی وەسف و باسکردنی خەلیفەکاندا پەنام بۆ برد هەروەها لە هەندێك ڕایەکانیدا سەبارەت بە ((دەوڵەتی ئەمەوی)) ئەویش وەك ڕۆژهەلأتناسە توند ڕەوەکان هێندەی جەختی لەسەر خراپەکاریەکانی ئەم دەوڵەتە کردووە هێندە گرنگی بە ڕاستیە مێژووییەکان نەداوە . هەروەها گەڕامەوە بۆ کتێبی (حضارة العرب) ی ڕۆژهەلأتناس ((گۆستاف لۆبۆن)) و کتێبی ((حضارة الاسلام))ی ڕۆژهەلأتناس ((جوستاف جرونیبام)) و کتێبی ((الاسلام)) ی ڕۆژهەلأتناس ((الفرید جیوم)) و کتێبی ((الخوارج و الشیعة)) ی ((فلهاوزن)) ،لەم کتێبانەدا سوودم لەو بەشانەیان وەرگرتووە کە تایبەتن بە هەندێك لایەنی دەوڵەتی (ئەمەوی) .

## بەشی یەکەم:

# دەوڵەتی ئەمەوی لە دیدو بۆچوونی هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناساندا ٤١-١٣٢ك/٦٦١-٧٥٠ز

دەرکەوتنی ئیسلام شۆڕشێکی ئاینی و کۆمەڵایەتی سیاسی و ئابووری بوو یا بابڵێین هەنگاوێکی یەکلا کەرەوە بوو لە مێژووی عەرەبدا کە کردیانی بە خاوەنی یەك ئاین کە داوای یەکتاپەرستی دەکات و یەکبوونی سیاسی بۆ وەدەست هێنان و عەرەبی کرد بە گەلێکی یەکگرتووی بەهێز ، کە هێندەی ئیمپراتۆریەتە کۆنەکان ناوچەو شوێنی خستە ژێر دەسەڵاتیانەوە .

دەوڵەتی ئەمەوی لە ساڵی (٤١) کۆچی /٦٦١ زایینی دامەزرا دوای ئەوەی ( حەسەنی کوری علی ) وازی لە خەلافەت هێنا بۆ (معاویە) کە لەهەمان ساڵدا چووە نێو شاری (کوفە) و بەیعەتی لە خەڵکەکەی وەرگرت و هەروەها سەرجەم موسوڵمانان بەیعەتیان پێیداو ئەو ساڵە بەساڵی (جەماعە) ناوبرا چونکە هەموو موسوڵمانان لە سەرپێدانی بەیعە بە معاویە یەك دەنگ بوون..[1]

یولیوس فلهاوزن دەڵێت :خاڵێکی لاواز کەبەردەوام لەسەر ئەمەویەکان ژمێردراوە ئەوەیە کە بەگشتی لەسەر سەخت ترین دوژمنانی پێغەمبەر بوونە (د.خ) و لەدوا سەعاتەکاندا بە ناچاری موسڵمان بوون ، بەڵام دواتر توانیان ڕووی خێرو بەرەکەتی ئایین بەلای خۆیاندا وەرگێڕن ، ئەوەش بەپلەی یەکەم لە ئەنجامی لاوازی (عوسمـــان) و دواتر باش بەکارهێنانی ئاکامەکانی کوشتنی (عوسمان) هەروەها دەڵێت ..دواتر ڕق و کینە بەرامبەر بە ئەمەویەکان زیاتر بوو کاتێك دەسەڵاتدار بوون .. دەسەڵاتداران و کاربەدەستان دەسەلاتی خۆیان بە خراپی بەکاردەهێنن و پارەی دەوڵەت دەچێتە گیرفانی ژمارەیەکی کەمەوە لە خەڵکی لە کاتێکدا جگە لەوانە خەڵکی دیکە هیچی چنگ ناکەوێت .. داوێن پیسی و قومارو مەی نۆشی ، ئەوانە ببونە ترۆپکی هەوەسەکان کەسیشی لەسەر سزا نادرێت".[2]

پێدەچێت ئەم ڕایە زۆر توندو ناعادیلانە بێت ئەوە جگە لەوەی لە ڕایەکەیدا زۆر گەورەکردنی تێدا یە لە وێناکردن و لێکدانەوەیدا ..سەبارەت بەوەی کە دەڵێت ئەمەویەکان لەسەردەمی جاهلیەتدا دوژمنی پێغەمبەر بوون ، ئەوا ئەوانیش وەك هەموو عەرەبەکانی دوورگەی عەرەبی کە لەسەرەتاوە بەرەنگاری بانگەوازی ئیسلامیان کرد ، بەڵام لەگەڵ فەتحی مەککەدا ،نمانیدەی پێغەمبەر (د.خ) بانگی ڕاهێشت بۆ خەڵکەکەی کە دڵنیایان دەکات لە پاراستنی گیانیان ، بانگەوازەکەش دەڵێت "ئەوەی بچێتە ماڵی ئەبو سوفیان پارێزراوو دڵنیایە، ئەوەی بچێتە کەعبەوە پارێزراوو دڵنیایە، ئەوەی بچێتە نێو ماڵەکەی خۆی پارێزراوو دڵنیایە"[3] بەمەش پێغەمبەر (د.خ) ماڵی ئەبو سوفیان و ماڵی خوای یەکسان کرد کە شەرەفێکی هێندە مەزنە کەس بە دەستی نەهێناوە . سەبارەت بەوەش کە سەرکەوتوون لە وەرگێرانی خێروبێری ئیسلام بەلای خۆیاندا ئەوا

ئەو بارودۆخەی دەوڵەتی ئیسلامی دوای کوژرانی عوسمان پێیدا تێپەڕی زۆر سەخت بوو بوە هۆی ئەوەی معاویە دوای کوژرانی علی کوڕی ئەبو تالیب و دەست کێشانەوەی حەسەنی کوڕی لە دەسەلآت ، حوکم بگرێتە دەست .. بەلآم ئەو قسەیەی کە دەڵێت داوێن پیس و قومارو مەی نۆش بونە تۆپکی هەوەسەکان و سزایان لەسەر نەبوو ، ئەوا بۆچوونێکی رۆژهەلآتناسیانەیە لەگەڵ سیاسەتی دەوڵەتی ئیسلامدا ناگونجێت لەو قۆناغە سەرەتایەی ئیسلامدا و لەبەرامبەر هیچ ڕەخنەیەکی بابەتیانەدا خۆناگرێت چونکە ناکرێت ئەو مەسەلانە لەو سەردەمەدا ڕوبدەن کە حوکمەکانی ئیسلام تێیدا پێگەیشتبوون .

(جب) لەشوێنێکدا وەك ئەوەی بەرگری لە ئەمەویەکان بکات دەڵێت"ئەمەویەکان بوونەقوربانی پرۆسەیەکی دیالەکتێکی نێو خودی کۆمەڵگای ئیسلامی ، ئەویش پرۆسەی ڕەخنە لە خۆگرتن بوو کە بەرە بەرە پەردەیەکی دا بە ڕووی نموونە باڵاکانی سیاسەتدا لەو کۆمەڵگایەدا ، بەلآم لە کاتێکدا خودی کۆمەڵگا خاوەن ئامرازو ئیرادەیەك نەبوو بۆ دیاری کردنی ئەو نمونانەو بەرجەستەکردنی لە سیستەمێکی سیاسیدا ئەوا هەوڵی خۆدزینەوەی دا لە ئەرکەکانی بەوەی گوناهی شکستەکەی خستە ملی ئەمەویەکان وبە ئامانجێکی شیاوی زانین بۆ بەرگەگرتنی لۆمەو تانەو تەشەرەکە"[٤] .

لێرەدا جب هەوڵدەدا لەگۆشە نیگای تایبەتی خۆیەوە وەك ئەوروپیەك مێژووی ئیسلام بنوسێتەوە چونکە ئەوەی پێکهاتەکانی دەوروبەر دەیسەپێنێت لە شوێن و کاتدا وەك ئاماژەیەك لەوەیە بۆ ئەم سەدەیە بگونجێت ، بەلآم بێگومان بۆ سەدەیەکی بەر لە ئێستاو ڕوداوێك لە سەردەمێکی دیکەدا خولقابێت لەوەیە ئاماژە گەلێکی هەڵەو سەر لێ شێوێن بێت.

جب لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێت "سەرکردەکانی گروپی خاوەن باوەڕ و ئایین پەروەرەکان بە شێوەیەکی گشتی حەزیان بە دژایەتی کردنی دەوڵەتی ئەمەوی دەکرد، یەکەم لەبەر ئەوەی درکیان بەوە دەکرد کە خێڵی ئەمەویەکان چەند ئارەزووی دونیایان هەیە ، دووەمیش لەبەرئەوەی شوێن بیروباوەڕە ئاینیە نموونەییەکانیان کەوتبوون "[٥] لێرەدا (جب) هەوڵدەدات مەسەلەی پەیوەستی نێوان کاروباری ئاینی و کاروباری دونیا بوروژێنێت لە ئیسلامدا بەوەی گوایە دەست بەردانە لە دنیا ، واتە ئیسلام داوا لە موسوڵمانان دەکات کە دەست بەرداری دونیا بن و داوایان لێ دەکات جەخت لەسەر کارکردن بۆ ئەو دنیا واتە بۆ ژیانی دوای مردن بکەن و دەست بە خۆشیە بەردەوامەکەی ئەوێوە بگرن ، ئەم لێکدانەوەیە لەگەڵ گیانی ئیسلامدا تەبا نیە چونکە ئیسلام کاروباری ئاین بەسەر دونیاو ژیاندا سەر ناخات بەڵکو داوای ئەوە دەکات کە گرنگی بە ژیانی ئێستا بدرێت و کاریش بۆ ڕۆژی کۆتایی بکرێت . هەروەها قورئان تەنها بۆ ئەوە نەهاتووە کە جەخت لە هەڵوێستی خۆی بکات سەبارەت بە کاری شارستانی و لەسەر لایەنەکانی ئاکارو روحی بەڵکو ئێمە لە ئاست چەندین ئایەتداین کە کۆمەڵی باوەڕداران دەخاتە نێو جەرگەی جیهان و سروشت و پاڵی دەنێت تاوەکو خۆماندو بکات لە پێناو گەڕان و پشکنین بە دوای وردەکاریەکان لە نێو قوڵایی خاکدا و لە نێو جەرگەی پەیوەند یە مادیەکانی نێوان گەردیلەکان و بەشەکان بگەڕێت.

هەروەها دەبێت ئەوەشمان لە بەر چاو بێت کە سەرەتای چەکەرەبوونی دەسەڵات بەشێوەیەکی سەرەکی لە ژێر رکێفی بنەماڵەی ئەمەوی دەگەڕێتەوە سەردەمی خەلافەتی عوسمانی کوری عەفان (سێیەم خەلیفەی راشدی ٢٣-٣٥ کۆچی) چونکە عوسمان کۆمەڵێك تایبەتمەندی بە بنامەڵەی ئەمەویدا ، لە وانە زۆربەی والیەکانی ولایەتەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە بنەماڵەی ئەمەوی بوون و معاویە یەکێك بوو لەو والیانەی کە لە سەردەمی عوسماندا دەسەلاتێکی یەکجار فراوانی پەیدا کرد، تەنانەت دوای کوژرانی عوسمانیش بە بەهێزترین و کۆنترین والی دادەنرا، هەر ئەویش بوو داوای خوێنی عوسمانی دەکرد و رووبەرووی علی کوری ئەبی تالیب بووە وە لە شەڕی(صفین) دا کە سەر ئەنجامەکەی بەلای ئۆردوی علی دا شکایەوە، بەڵام معاویە بۆ خۆ دەربازکردن پەنای بردە بەر قورئان و ئاینی کردە پارسەنگێك بۆ بەلادا خستنی سەرەنجامی شەرەکان لە عەلیەوە بۆ لای خۆی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە معاویە ئامادەیی دەربریوە بۆ پەنابردنە بەر هەر شێوازێك لە پێناو بە دەست هێنانی دەسەڵاتی خەلافەت[٦]، کە بێ گومان ئەمەیش لە بنەماکانی ئیسلام دوورە. بۆیە بە کارێکی ئاسایی دەبینین کە هەندێ بۆچون ئاماژە بەوە بکەن کە هەوڵەکانی معاویە بۆ بە دەست هێنانی دەسەڵاتی جیهانی ئیسلام رەگەکەی درێژ دەبێتەوە سەردەمی پێشتر، یا بە شێوەیەکی تر دەتوانرێت بگوترێت کە یەکێ لە فاکتەرەکانی جولاندنی معاویە بۆ ئەم ئامانجە فاکتەری خێڵەکی بوو، کە هێشتا نەیتوانی بوو خۆی لێ‌دەرباز بکات ، بە تایبەتی ئەو دەمارگرژی‌یەی‌بناماڵەی هاشمی.

سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی گروپەکان و سەرکردەکانیان دژ بە ئەمەوی‌یەکان دوو فاکتەری سەرەکی هەبوو ،یەکەمیان پەیوەندی بە سیاسەتی ناعادیلانەی ئەمەوی‌یەکان هەبوو، چونکە بە شێوەیەکی نیمچە تەواو کاروباری وولات هەروەها خێروبێری بۆ خۆیان بوو، هەروەها جیاوازیەکی رەگەز پەرستانەیان دژ بە موسوڵمانانی غەیری عەرەب بەکار دەهێنا تەنانەت وەك کۆیلە مامەڵەیان لەگەڵ دەکردن، واتە پیادەکردنی حوکم لە سەردەمی ئەمەوی لە سەر بنەمای سیاسی بووە تەنانەت معاویە دەیگوت "أنا أول الملوك"واتە من یەکەم مەلیکم مەبەستی مەلەکیەتە لە ئیسلامدا ، کەواتە معاویە دامەزرێنەری مەملەکەتی ئەمەوی بووە و جیاوازی‌یەکی یەکجار فراوان لە پرانسیپەکانی ئاینی ئیسلام و سیاسەتی حوکمرانی دەوڵەتی ئەمەویدا هەبووە[٧].

دواتر (جب) دێت و سیستەمی حوکمڕانی دەوڵەتی ئەمەوی لەگەڵ هەردوو میراتەکانی هیلینی و ساسانی بەراورد دەکات و دەڵێت " لەو کاریگەریانەی کە سیستەمی حوکمڕانی ئەمەوی لە ماوەی یەکەمی سەردەمی ئەمەویدا پێك دەهێنا میرات و پاشماوەی هیلینی بوو دواتر لە کۆتایی ئەو سەردەمەدا چاولێکەری و دووبارەکردنەوەی میرات و پاشماوەی ساسانیەکان بوو ، لە هەردوو کەلتوورو پاشماوەکانیشدا سیستەمێکی سیاسی هەیە کە چەمکێکی کۆن و ڕەسەن بەسەریدا زاڵە ئەویش چەمکی ئیمپراتۆریەتی جیهانی یا حوکمڕان و دەسەڵاتداری گشتی "یە[٨].

سەبارەت بە پەیوەندی ئیسلام و بیزەنتیەکان لە سەردەمی ئەمەویدا (جب) دەڵێت "ئەمەویەکان لە سیاسەتی گشتیاندا پەیرەوی ئەوانەی پێش خۆیان دەکرد و بیزەنتیەکانیان بە

دوژمنی خۆیان دەزانی ئەمەش هەموو مەسەلەکە بوو، بەلام پەیوەندی ئەمەویەکان لەگەڵ بیزەنتیەکاندا لە ڕاستیدا تەنها بریتی نەبوو لە دوژمنایەتیەکی نەتەوایەتی و ئاینی لە هیچ حاڵەتێکی ، بەڵکو کەوتبووە ژێر باری ئارەزوو سڵەمینەوە کە ئاڵۆزتر بوو لەوەی بەدەر دەکەوت"[٩]

هەروەها (جب) دەڵێت "دەوڵەتی ئەمەوی لە چەندین ڕووەوە میراتگر بوو : لەدوای ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی ڕۆژهەلات دەهات وێڕای ئەو جیاوازیو دژایەتی باوەڕەی نێوانیان لە بواری ئایندا ، بەلام لەوەیە مرۆڤ هەست بەوە بکات کە ئیمپراتۆرەکان لە دەربارەی بیزەنتیدا لەلایەنی ڕەسمیەوە ئەوەیان بۆ خۆیان دەووت کە خەلیفەکان جگە لە کۆمەڵێك بەربەری بەولاوە چیتر نین کە هەندێك ناوچەو هەرێمیان لە ئیمپراتۆریەتەکە بۆ خۆیان پچڕیوە ، ئەوەیان لە بیر کردبوو کە ئەوان لەڕاستیدا چەند میرو دەسەلاتدارێکی سەر بە ئیمپراتۆریەتی بیزەنتین"[١٠]

پێویستە تێبینی ئەوە بکەین کە کاتێك (جب) ئەم دێڕانە دەنوسێت ئەوا بە عەقڵیەتێکی ئەوروپی نوێ دەینوسێت ، کاتێك دەوڵەتی ئەمەوی دەکاتە دەوڵەتێکی سیاسی زۆر دوور لە ئاینی ئیسلام و بیروباوەڕەکانی ئیسلام ، مەسەلەکە وەك چەمکی سیاسی نوێ بۆ دەوڵەت وێنا دەکات ، ئاخۆ دەوڵەتی ئەمەوی لەو سەردەمەدا بەو شێوەیە بووە کە (جب) باسی لێوە دەکات ؟ یا ئەوەتا غەزا لە پێناوی بلاوکردنەوەی ئاینی ئیسلامدا بالا دەست بوو .موسڵمانەکان خۆیان بەکوشت دەدا لە پێناوی ئەوەدا کە سیستەمێکی خوایی هەیە و پێویستە پراکتیزە بکرێت لەسەر زەوی ، بۆ ئەم مەسەلەیەش قوربانیان دەدا لە پێناوی ئەوەی ڕەوڕەوەی ئەو سیستەمە خوداییە هەنگاوێك بەرەو پێش بەرن و لەسەر ئەو بنەمایەش ئاینی ئیسلام تەشەنەی کرد .

ناتوانرێت لە مێژووی ئیسلام بگەین یا لێکی بدەینەوە بە بێ تێروانینێکی ئیسلامی و گشتگیر کە تەواوکەرە بۆ ژیانی مرۆڤایەتی هەر لێکدانەوەیەك لەسەر بنەمایەکی جیاواز لەم بنەمایە ئەنجام بدرێت جۆرێکە لە هەڵەی زانستی ، پێدەچێت یەکێك لەو هەلانەی جب توشی هاتبێت ئەوەیە کە شارەزایی تەواوی لە کاریگەری ئاینی ئیسلامدا نەبێ یا ئەوەتا لایەنی ئاینی فەرامۆش کردووە. بەلام ئەمەویەکان لە پیادەکردنی بنەماکانی دەسەلاتدا تا ڕادەیەکی زۆر لاسای ڕۆمەکان وفارسەکانی دەکردەوە و دەوڵەتی ئەمەوی بە میرانگری پاشماوەیهێلینی و ساسانی دادەنرێت .

بە گەڕانەوە بۆ شەن وکەوکردنی سیاسەتی ئەمەویەکان و چۆنیەتی پراکتیزە کردنی ئەم ڕاستیەمان زیاتر بۆ ڕوون دەبێتەوە بۆ نمونە سیستەمی بە میرات کردنی خەلافەت لە باوکەوە بۆ کوڕ یا برا ئەمە زیاتر لە سیاسەتی حوکمداری ساسانی و بیزەنتیەکان دا پەیڕەو دەکرا ، بەلام دەوڵەتێکی ئایینی کە تەنها نزیکەی نیو سەدە لەسەر هاتنی پێغەمبەرەکەی تێپەر بوو، بەم شێوەیە حوکمرانی بگۆردرێ!! تەنانەت هەندێ لە میرە ئەمەوییەکان ئەم سیاسەتە میرانگریەیان پێ پەسەند نەبوو ، هەر وەك مروانی کوڕی حەکەم لە دانانی یەزیدی کوڕی معاویە گوتویەتی : "جئتم بها هرقلية تبايعون لأبنائكم"[١١] تەنانەت کەسانی ئاین پەرستی موسڵمان ئەم کارەیان سەرەتا زۆر لا قورس بوو، چونکە لە گەڵ پرانسیپە سەرەکیەکانی ئیسلامدا نە دەگونجا لەبەر ئەوەی یئسلام

دەسەڵاتی بە موڵکێکی ئادەمیدا نەناوە بەڵکو ڕێنمایندەیەکی ئاینی پیرۆزە ، بۆیە خەلیفە ناتوانێ بە میرات بۆ کەس داینێ یا بەجێ بهێڵێ بە ئارەزووی خۆی پێویستە ئەوە لە بەر چاو بگرین کە پێغەمبەر (د.خ) کاتێ نەخۆشی زۆری بۆ هێنا و تەنانەت لە سەرە مەرگیشا کەسێکی هەڵنەبژارد لە شوێنی خۆی ، هەروەها چوار خەلیفەی راشدیش لەسەر پرانسیپی دیسپلینەکانی هەڵبژاردن دانراون، بۆیە لادان لە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ) و نەریتە سەرەتاییەکان (الاولين) لادانە لە ئایین.

ڕۆژهەڵاتناس لوبون دەڵێت :"سەدەی یەکەمی کۆچی کۆتایی نەهاتبوو ، کاتێك ئاڵای پێغەمبەر (د.خ) هەر لە هیندەوە بۆ زەریای ئەتلەنتی و لە قەفقاسەوە بۆ کەنداوی عەرەبی دەشەکایەوە ، ئیسپانیا کە یەکێك بوو لە شانیشینە خاچیە گەورەکان لە ئەوروپادا مل کەچی شەریعەتی (محمد (د.خ) بوو"[١٢] بەڵام ڕۆژهەڵاتناس جیوم وەڵام دەداتەوەو دەڵێت "بەو شێوەیە ئەو خزمەتە گەورانەی ئەمەویەکان بۆ کۆمەڵی ئیسلامیان کرد کە بڵاو کردنەوەی ئیسلام بوو لە زەریای ئەتلەسیەوە بۆ هیند و دامەزراندنی پێگەیەك لە ئەوروپادا - نەزانراو پشت گوێ خرا ، بەڵکو وەك داگیرکەرو ستەمکار وێنا کرابوون و ئەوان بە دوژمنی باوەڕی ڕاستەقینەی پێغەمبەر لە قەڵەم درابوون ، موسوڵمانەکان دانیان بە قەرزاربariyan نەدەنا بۆ ئەمەویەکان لە هەموو لایەنێکەوە لەم ساڵانەی دواییدا نەبێت ئەویش لەژێر کاریگەرێتی لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتناسەکان "[١٣].

(جیوم) لێرەدا مەبەستی لەم قسانە ی وروژاندنی گومان و هەڵەکردنە لە نێوان موسوڵماناندا ، گوایە بێگانە لە خۆیان زیاتر بە تەنگیانەوەیە - ئەمەش لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە ئاشکرا دیارە . بێگومان مەبەست لە وروژاندنی ئەو گومانانە پارچە پارچە کردن و لێك دابڕینی موسڵمانان و کەم کردنەوەیە لە پایەی ئیسلام .

ڕۆژهەڵاتناسەکان جەختیان لەسەر دیاردەیەکی دیکەی هەڵبەستراو کردووە ئەویش گۆڕینی حەجی موسوڵمانانە لە مەککەو مەدینەوە بۆ (بيت المقدس) و ئەم سەر گوزشتە مێژووییەیان زیاد لە پێویست گەورە کردۆتەوە کە هیچ جێباوەڕ نیەو پڕە لە خەیاڵ و ناڕۆشنی - کە لەبەرامبەر ڕەخنەی بابەتیانە خۆی ناگرێت و لەگەڵ گیانی ئیسلام و سیاسەتی دەوڵەتدا ناگونجێت .(سیدیو) لەم بارەیەوە دەڵێت :"عەبدول مەلیك کە دەبینێت مەککە یەکگرتووە دوور لە لایەنگرانی خۆی ، فەرمان دەدات کە حەج بۆ (بيت المقدس) بکرێت"[١٤] بەڵام (نتنج) دەڵێت : "لە هەوڵێکی ژیرانەدا بۆ دورخستنەوەی حەجاجەکان لە مۆڵگەی هاشمیەکان ، مزگەوتێکی زۆر جوان لە (قدس) بنیاد نرا ناویان لێنا (قبه الصخره)"[١٥] .

(فلهاوزن ) لەم بارەیەوە دەڵێت : "بۆ ئەوەی شوێن و پایەی سیاسی شام زیاترو زیاتر بەرز بێت ، هەوڵێك درا بە مەبەستی گواستنەوەی مەڵبەندی پەرستن بۆ شام ، ناڕەزایی دەربڕا گوایە (مكه) نزیکەی دەساڵە لەلایەن (ابن الزبير) ەوە داگیر کراوە ، (عبدالملك) ئەوەی کردە بیانوو تاوەکو حەج کردن بۆ (مكه) لە لایەنگرانی بەیەکجاری قەدەغە بکات و سوور بێت لە سەر ئەوەی لە بری (مكه)

بۆ (بيت المقدس) حەج بکەن و هیچ گومانی تێدا نیە کە (عبدالملك ) هەوڵێکی لێبڕاوانەی دا لە پێناوی ئەوەی گەورەییەکی وەها بە (بيت المقدس) ببەخشێت کە تەنها بە شوێنی پەرستنی موسوڵمانان بەخشراوە "[١٦]

(گب) ی ڕۆژهەلاتناس بەرپەرچی ئەو قسانەی ڕۆژهەلاتناسەکان دەداتەوەو دەڵێت " هەندێك بە هەڵە وا بیریان دەکردەوە کە ئەمەویەکان بۆ ئەوە مزگەوتی مەزن و گەورەیان دروست دەکرد تاوەکو ڕووی موسوڵمانان لە مەککەو مەدینەوە بۆ (قدس) و (شام) وەرگێڕن ، ئەمەش جگە لە بیر کردنەوەیەکی خەیاڵی چیدی نیە ، هەرچەند مێژوونووسە ڕۆژئاواییەکان تاوەکو ئێستا دەیڵێنەوە ، باشترین بەڵگەش بۆ ناڕاستی و پوچی هەڵبەستنەکەی ئەوەیە کە تەنانەت خودی (مزگەوتی مەدینە) یەکێك بوو لەو سێ مزگەوتە گەورەیەی ئەمەویەکان دروستیان کردووە یا دووبارە دەستیان پێدا هێناوەتەوە "[١٧]

بەلام ئەویش وەك ڕۆژهەلاتناسەکانی دیکە هیچ هەلێك نابوێرێت تا تۆمەتێك بە موسوڵمانانەوە بلکێنێت ، ئەوەش کاتێك سەرگوزشتەکە دەگێڕێتەوە بە لێکدانەوەیەکی هەڵەوەو دەڵێت :"ئەوەی پاڵی نا بە عبد الملك و وەلید دوە بۆ دروست کردنی مزگەوتی (قبة الصخرة) و (مزگەوتی ئەمەوی) لە (دیمەشق) ئەوەبوو کە دەترسان جوانی و قەشەنگی کەنیسەی (قیامە) و تەلاری مەسیحیەکان لە شام ، موسڵمانەکان لە ئاینەکەیان هەڵگێڕێتەوە لەکاتێکدا (عبد الملك) لە دروست کردنی مزگەوتی (قبة الصخرة) بەو جوانیە مەبەستی ئەوە بوو کە (کنیسە القیامە) توشی نەنگی بکات و بیسەلمێنێت کە دەتوانن بە چەندین قۆناغ لەو جوانتر دروست بکەن "[١٨]

(عادل زعتیر) ی وەرگێڕی کتابی تاریخ العرب العام ل: ل.م سیدیو نەیویستوە کە قسەی لەم بابەتە لە خۆڕا بکرێت بۆیە سەبارەت بەم مەسەلەیە دەڵێت "یەعقوبی و هەندێك لە مێژوونووسانی دوای خۆی دەڵێن (عبد الملك) مەبەستی لە بنیاد نانی مزگەوتی ( قبة الصخرة) بەو جوانیە ئەوە بووە کە ڕووی موسوڵمانان لە (مکە) وەرگێڕن تاوەکو (عبداللە بن زبیر) لەوەرزی (حەج) کردندا ناچاریان نەکات و بەیعەیان لێ وەرنەگرێت، هەندێك لەو مێژوونووسانە بەرچاو دەکەون کە دەڵێن (عبد الملك) حەجی لە موسڵمانان قەدەغە کردووە بۆ (مەککە) و فەرمانی داوە کە (حەج) بۆ ( بيت المقدس) بکەن ، لە کاتێکدا کاری لەم شێوەیە لە توانای ( عبد الملك ) دانەبووە و کەسی دیکەش بۆی نەکراوە جا هەرچەند بە تواناو ستەمکاریش بووبێت لەو سەردەمەدا کە حوکم و فەرمایشتەکانی ئیسلام جێگیر بووبوون . هەرکەسێك بیری لە دژایەتی کردنی بنەمایەك بکردایەتەوە ژێر پێ دەنرا"[١٩].

سەبارەت بە دیاردەی پراکتیزەکردنی ئیسلام لەو وولاتانەدا کە لەسەر دەستی موسڵمانەکان فەتح کرابوو(سیدیو) ی ڕۆژهەلاتناس دەڵێت"ئسپانیا لەگەڵ بیابانەکانی دورگەی عەرەب و ئەفریقیا دا جیاواز بوو ، بۆیە ئەستەم بوو کە بتوانێت هەمان بەرگ بەخۆدا بکات کە سیماو شەریعەتەکانی عەرەب هێنابووی ، ئەوەی کە ڕویدا خەلیفەکانی دیمەشق ناچاربوون هەندێك لە

شەریعەتەکانی ئاینی ئیسلام دەستکاری بکەن کاتێ وویستیان بەسەر ناوچەکانی دەرەوەی وولاتی شام و فارسدا بیسەپێنن ، بۆیە سەبارەت بە ئەوروپا وا پێویستی دەکرد کە بە ئەندازەیەکی فراوانتر دەستکاری بکرێت بەلام ئەوەی پێویستی دەکرد کە ببەخشرێت لەگەلّ ئەو شەریعەتە جێگیرو خراپەدا نەدەگونجا"[٢٠]

سەبارەت بەو قسانەی (سیدیو) دەلێین :- دانایی خوای گەورە وا پێویستی کرد کە پەیامی محمد دوا پەیام بێت و شەریعەتەکەی جیهانی و هەتاهەتایی بێت بۆیە بەشێوازێکی کاملّ و خەملیو بۆ ژیانی ئەم دنیاو قیامەت هاتە دونیاوە . و یاسایەکی گشتگیر بوو بۆ کاری دین و دنیا و بیروباوەڕی گشتی و بنەمای گشتگیري لە خۆ گرتبوو بەلامووردەکاری و شتە لابەلاکانی بۆ ئەو کەسانە جێ هێشتبوو کە پڕاکتیزەی دەکەن و ڕۆحی ئاین و ئامانجەکانی شەریعەتی لێ هەلدەهێنجن .

ئیسلام ئاینێکی دیموکراتیەو بنەمای یەکسانی لە سایەی ئەودا بەسەر هەمواندا پەخش بوو ، فەقیهەکان لەسەر ئەو بنەمایە دەڕۆیشتن کە دەلێت:" دەستکاری و گۆڕانکاری حوکمەکان بە گۆڕانی شوێن و کاتەکان ڕەت ناکرێتەوە" یا بەدەستەواژەیەکی ڕاستر بلێین کە لەگەلّ گۆڕانی کات و شوێن دا دەشێت دەستکاری حوکمەکان بکرێت موسلمانەکان لە سەردەمی پرشنگداری خەلیفەکاندا ئەوەیان دەزانی کەچی دێنن لە جۆرەکانی ئیجتهاد.....

سەبارەت بە تەشەنە کردنی دیاردەی گەندەلّی لە دەولەتی ئەمەویدا ئەوا (نتنج) ی ڕۆژهەلاتناس دەلێت:"دوای ئەوەی خەلیفە (وەلیدی) مەزن نەماو (سلیمان) ی قەلەو و چلێس دەسەلاتی گرتە دەست لەو کاتە بەدواوە ئیدی مادیەت و بەرچاوتەنگی روحی خەلافەتی ئیسلامیان لەبەر یەك هەلوەشاند ، جگە لەو ماوەیە نەبێت کە ئەو پیاوە لە خواترسە (عمر کوڕی عبدالعزیز) لە دەسەلاتدا بوو ، پارەو دەسکەوت و تالانی جەنگ لە هەموو لایەکەوە هورۆژمی دەهێنا ، ئیدی ئەمەویەکان دەستبەرداری ئەو شێوازە توند و زیرە بیابانیانەی باوانیان بوون ڕێنماییەکانی و فەرمایشتە روحیەکانی کە پێغەمبەر(محمد)دایناَبوو فەرامۆشیان کردو بە تەواوی سەرقالّی ئارەزووەکانی خۆیان بوون . قومارو مەی نۆشی کە هەردووکیان قورئان حەرامی کردوون و پێشبرکێی ئەسپ و ڕاوکردن بە تانجی و پلنگی هندی کە هەردووکیان موسلمانە توند ڕەوەکان بە چاوی بێزاریەوە تێیان دەڕوانی و داوێن پیسی کە هەرچەندە سزاکەی مردن بوو ، هەموو ئەوانە کاروکردەوەی زۆر ئاسایی بوو لە شام و حیجازو مەککەو مەدینە ببووە جۆرێك لە لاس فیجاس و مونت کارلو بەلام لەسەدەکانی ناوەڕاستدا ، ئەوەش لە پێناوی ئەوەدا کە ئەو سامانە نوێیە دوور لە ململانێو پشێوی سیاسی عێراق و شام خەرج بکەن .خانەی قومار کە یاریەکانی ( زارو هەلمەقۆو شەترەنج) ی پێشکەش بە میوانە دەولمەندە نوێکانی دەکرد لە ئەندازە بەدەر تەشەنەی کردبوو ، هەروەها شوێنەکان و خانەکانی لەش فرۆشی کە کەنیزەکی ڕۆم و عەجەم و تورك و ئەفریقی و ئیسپانی لە هەموو ڕەنگ و ئاینێك پێشکەش دەکرد کە لە دیل و دەسکەوتەکانی هەلمەتی فەتح بوون ببوە

بازرگانیەکی بەبرەوو بە سوود ، شیعری غەزەل وەك گەرمەی سەردەمی جاهلیەت گەشەی کردبوو"[٢١]

لە ڕاستیدا هەندێك لە نووسەرانی عەرەب شوێن پێی ڕۆژهەڵاتناسانیان هەڵگرتووەو بەیت و بالۆرەی ئەوان لێدەدەنەوە ، لەوانە دکتور (سید عبدالعزیز سالم) ە کە دەڵێت "هۆکاری زۆر هەبوون سەبارەت بە گەندەڵی و خراپەکاری ئەمەویەکان یەکێك لەوانە ئارەزووی ئەمەویەکان بوو بۆ پاشا گەردانی سیماو روخساری فەنتازیاو خۆ دەرخستن و ڕابواردن و زیادە ڕۆیی هەندێکیان لەو بوارەدا تا ئەندازەی خۆتەرخان کردن بۆ ڕابواردن و بێ ڕەوشتی‌ولادان لە بەهاوئاکارە ئاینیەکان "[٢٢]

هیچ گومانی تێدا نیە کە ئەو ئەگەرە ڕۆژهەڵاتناسیانە ئەگەر پشت بە گێڕانەوەیەکی مێژوویی جێ باوەڕ ببەستێت لەگەڵ ڕۆحی ئیسلامدا ناگونجێت ، ئاخۆ دەوڵەتی ئەمەوی و ئەمەویەکان وئەو موسوڵمانانەی کە ڕۆژهەڵاتناس بەم ئەدگارە خراپانە وەسفیان دەکات ، بەو شێوە دزێوە بوونە ، ئەو وێنەیە پێدەچێت زۆر لە پێکهاتە ڕاستەقینەکانی لێ لادراوە و زۆریشی پێوەنراوە ، لێك چواندنی مەککەو مەدینە و لاس فیجاس ئاماژەیەکی ڕوون ئاشکرای بابەتیانەی ئەگەرەکانی ڕۆژهەڵاتناسەکەیە ، بوونی خانەی قومار کە یاریەکانی زارو بابەتەکانی پێشکەش بکات مەسەلەیەکە کە جێگەی گومانە ئەگەر بە ڕاستیەیەکی مێژوویی پشت ئەستوور نەبێت، بەڵام ئەمە کارێکی سەیرو نامۆ نیە بە ڕۆژهەڵاتناسان هەرکە ویستیان شتێك سەبارەت بە مێژوویی ئیسلام و موسڵمانان بنوسن دەیانخەنە حاڵەتی گومان و واهیمەوەو بە گرتنە بەری شێوازی جۆراوجۆر لەگەڵ ڕستەی ووروژێنەرو، لەپێناوی ئەم مەبەستەشدا هیچ هەلێك لە دەست نادەن ..

(نتنج) ی ڕۆژهەڵاتناس دەڵێت "ئەمەویەکان یەکجار کورت بین بوون لەوەدا کە یەك بونیاد چینایەتی چەق بەستویان هێشتەوە وای لە عەرەبە موسڵمانەکان کرد ببن بە چینێکی ئورستۆکراتی دەستەڵاتدار و مەوالیەکانیشی دابەزاند بۆ پلەی چینی دووەم بە شێوەیەکی جێگیرو بەردەوام"[٢٣]

نامانەوێ لێرەدا دەست لە مەسەلەی موالیەکانی دەوڵەتی ئەمەوی‌و ڕەوش و حاڵیان وەربدەین بە درێژی،بەڵام ئیسلام هەروەك لە قورئاندا هاتووە ئاینێکی جیهانیەو بۆ هەموان وەك یەکە "وما أرسلناك الا رحمة للعالمين"بەڵام ئەمەویەکان بە شێوەیەك هەڵسوکەوتیان لە گەڵ موالیەکان دەکرد زۆر لە سیستەمی کۆیلەداری دەچوو چونکە هەر کەسێکی نا عەرەب گەر ببوایە بە ئیسلام دەبوایە بچێتە ژێر پارێزگاری کەسێکی عەرەب بەم جۆرە دەبوون بە موالی یا عەبدی عەرەبێك و جیاوازیەکی زۆر لە نێوانیاندا هەبوو بۆ نموونە لە کاتێکدا کە مەوالیەکان لە پێناو پاراستنی کورسی دەسەڵاتی عەرەبەکان دەجەنگان و شەڕیان دەکردو خوێنیان دەڕژاند لە گەڵ ئەوەش بۆیان نەبوو هاوتای عەرەبەکان بە شێوازی سوارە بەشداری لە شەڕەکان بکەن بەڵکو دەبوایە پیادە بونایە. تەنانەت مختاری کوڕی عوبیدی سەقەفی کە بە دۆستی موالیەکان دادەنرا و زۆربەی لەشکرەکەی لەوان پێك هاتبوو کاتێ دژی ئەمەویەکان ڕاپەری فەرمانیدا کە موالیەکان پیادەبن ئەمەش ئەوە

دەگەیەنێ کە ئەمەوی‌یەکان سیاسەتێکی رەگەز پەرستانەیان بەکارهێناوە ، هەر چەند پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی " ایها الناس ، ان الرب واحد، والاب واحد، وليست العربية لاحدكم بأب ولا أم، وانما هي اللسان، فمن تكلم بالعربية فهو عربي" ئەم راستیانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد سەراپا جیاوازن لەگەڵ بۆچون وسیاسەتی حوکمرانی ئەمەوی‌یەکان، واتە پیادەکردن شتێکە پرانسیپیش شتێکی ترە ، لەلایەکی دیکەوە ئەو شۆرش وراپەرینانەی سەردەمی خەلیفەکانی ئەمەوی لەلایەن عەلەویەکان و خەوارجیەکان ، بەشی زۆری مەوالیەکان بوون، ئەمەش رەنگدانەوەی دوو فاکتەری سەرەکی بوون یەکەمیان نا یەکسانی و رەگەز پەرستی ئەمەویەکان بوو دژ بە مەوالیەکان دووەمیان نا شەرعیەت و گەندەڵی ئەمەویەکان دەگەیەنێ چونکە رەنگ دانەوەی هۆشیاری و تێگەیشتنی کۆمەلانی خەڵك رۆڵی لە دیاری‌کردنی شێوازی بزوتنەوەی گشتیدا کەم نی‌یە، بەلام زۆر هێزی بزوێنەر هەیە کە دەرك کردنیان ئاتاجی زیرەکی، ووردبینی‌نی‌یە کەس نی‌یە برسێتی یا زۆرداری و بێمافی یا جیاوازکاری نەبێتە مایەی پەژارە بوونی ، زۆر جار ئەم نارەزایی‌و پەژارەیی‌یە لە شێوەی تەقینەوەی رێکخراو یا بەرەلادا خۆ دەنوێنێت . وە لە هەمان کاتدا رۆژهەلاتناس بنەماڵەی ئەمەوی بەکورت بینی وەسف کردووە ، لەکاتێکدا وەك زانراوە (مەعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان ) کە دامەزرێنەری دەوڵەتی ئەمەویە یەکێکە لە چوار مێر خاس و کەڵەمێردەکانی عەرەب کە بە تەگبیر مەزنی و سەردەرچوو عاقڵ و مێشك و ئاسۆ فراوان ناسراون و لەو بوارەدا شایەتیان بۆ دەدرێت کە ئەوانیش (عمر کوڕی عاص، زیاد بن ابیه، موغەیرەی کوڕی شوعبە ، معاویەی کوڕی ابو سوفیان ) بوون .

(دوزی) رۆژهەلاتناس سەردەمی خەلیفە (عبدالملك و وەلیدی ) کوڕی وەسف دەکات و دەڵێت "سەردەمی عبدالملك وەلیدی کوڕی گەشاوەترین و پرشنگدارترین سەردەم بوونە لە فەتح و سەروەری جەنگدا لە چاو هەموو سەردەمەکانی پێش خۆیان "[٢٤] هەروەها نتنج خۆی کە دێتە سەر باسی عەبدول مەلیك دەڵێت:" پاشایەکی بەهێزو توانابوو لە خەلافەتەکەیدا و بە تەکبیرو مشوور بوو ، وەلیدیش جێگای رێزو ستایشی بوو چونکە یەکێك بوو لە مەزنترین ئەو کەسانەی گرنگیان بە وولاتی شام دەداو پاسەوانێکی هەرە بە ئاگا بوو بۆ پاراستنی بەرژەوەندی گەلەکەی"[٢٥] . خەلیفەی دیکەش هەن کە خاوەنی چەندین سیفەتی باش بوون وەك دووربینی و ئاسۆ فراوانی ، لە گۆشە نیگای ئەم رایانەوە دەگەینە ئەو ئاکامەی کە خەلیفەکانی بنەماڵەی ئەمەوی کورت بین نەبوون بە پێچەوانەی بۆ چوونی‌هەندێ لە رۆژهەلاتناسەکان .

## بەشی دووەم :

## کەسایەتی خەلیفەکان لە دیدو بۆچوونی هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناساندا

هەندێک لە ڕۆژهەڵاتناسان لە باسکردنی خەلیفەکانی ئەمەوی و وێناکردنیاندا پشت بە گێڕانەوە تایبەت و نائاساییەکان دەبەستن لەو ڕوانگەیەشەوە حوکم بەسەر خەلیفەی فەرمانڕەواو سیاسەتەکانیاندا دەدەن ، هەر بۆیە چەندین خەلیفەی ئەمەویەکان بە تۆمەتی لاوازی یا هەڵەشەیی و پەلەکردن یا تینوێتی بۆ خوێن ڕشتن و نەبوونی سیاسەتێکی ڕوون و ئاشکرا یا بەدکاری و بێ باوەڕی لەکەدار کراون .

**یەکەم- معاویە کوڕی ئەبو سوفیان٤٠-٦٠ک/٦٦٠-٦٨٠ز:**

( نتنج) ی ڕۆژهەڵاتناس دەربارەی خەلیفەی ئەمەوی یەکەم معاویەی کوڕی ئەبو سوفیان دەڵێت: "زیاتر حەزی بە ڕێکی و پێکەوە گونجان دەکرد وەك لەوەی شەڕکەر بێت ، پشوی زۆر فراوان و بە ئارام بوو لە تووڕە بووندا ، بەردەوام کراوە بوو لە بەرامبەر بێ نرخترین بەردەستەکانی و لەگەڵ هەژاران و ئەوانەی پێویستیەکیان لای بووەو لەگەڵ ژنان و منداڵاندا ... هەروەها معاویە هێندە لە خوا ترس نەبووە کە لە دەست بلاوی و خۆش گوزەرانی بە دوور بێت"[١] هەروەها سیدیۆ دەڵێت: "معاویە کوڕی ئەبو سفیان دەسەلاتی نەگرتە دەست تا ئەو کاتەی سەلماندی و دەریخست کە فەرمانڕەوایەکی زۆر چاك و نایابە"[٢] و بروکلمان دەڵێت:" معاویە بەردەوام شەڕی بیزەنتیەکانی بەگرنگترین ئەرك و ترسناکترین ئەرکی دەزانی ... لە ڕاستیشدا دووجار سوپاکەی گەیشتە دەروازەی پایتەختی بیزەنتی ، بەڵام بیزەنتە ئەو کاتە بەهۆی پێشکەوتنی شارستانیەوە توانی ئەو هێرشە بەر پەرچ بداتەوە و دڕ بە موسڵمانان بدات"[٣] بە پێی ڕاوبۆچوونی (فلهاوزن) "پەیوەندی لەگەڵ ئیسلامدا هێندە بەهێز نەبووە ، زۆر لێبوردوو دڵ فروان بووە لەگەڵ مەسیحیەکانی ژێر ئالای خۆیدا تەنانەت توانی بووی سۆزی ئەوان بەلای خۆیدا ڕابکێشی"[٤] سەبارەت بە وەسف کردنیشی بۆ خەڵکی وولاتی شام و چۆنێتی هەڵبژاردنی معاویە بۆ خەلافەت دەڵێت:"مافی سوڵتان پێویست ناکات لە دەروونیاندا بچەسپێت ، لەبەر ئەوە دانیان بە شەرعیەتی ئەو حوکمڕانە دانا وەك مرۆڤێك ، نەك بە پێوانەیەکی قورئان یا بنەماکانی حوکمی ئایین و دوای میرەکەیان کەوتوون گەر پێشەوایەتی کردن ، چونکە ئەوان لە ناخی دڵیاندا لەو زیاتر گرنگی بە ئیسلام نادەن"[٥] .

بەڵام (مەسعودی) وەسفی دەکات بە " فێڵبازو خاوەن ڕایەکی توندو یەك لا کەرەوە لە کاروباری دوونیادا ، گەر هەلی بۆ ڕەخسا ناوەستێت هەڵوەستە ناکات ، گەر لە کارەکە ترسا خۆی لێ بە دوور دەگرێت ، گەر لە شەوگوتەیەکدا ململانێی لەگەڵدا کرا بەرگری لێدەکات"[٦] .

سەبارەت بە پەیوەندی و پەیوەستیشی بە ئیسلامەوە ، ئەوا هیچ گومانی تێدا نیە کە (فلهاوزن ) ی ڕۆژهەڵاتناس لە زۆر لایەندا دانی بە چاکەو ڕۆڵی دەوڵەتی ئەمەوی و خەلیفەکاندا نـاوە ، بـە شێوازێکی لێکدانەوەو خستنە ڕوو باسی لە ژیانی خەلیفەکان کردووە کە تێیدا زۆر وورد بووە ، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت ئەوە لە بەرچاوبگرین کە کەسێکی ڕۆژهەڵاتناس بووەو لە وولاتێکی نا ئیسلام دا بووەو موسڵمان نەبووە ، ئەگەر نا لێبوردن لەگەڵ ئەهلی زمەدا چۆن بەدوور کەوتنەوە لە ئایین دەژمێردرێت لە کاتێکدا ئەو مەسەلەیە لە قورئاندا بـاس کـراوەو لـە سـونەتی پێغەمبـەردا هاتووە ، هەروەها لە چوارچێوەی بابەتیانە دوور کەوتۆتـەوە کاتێك باس لـەوە دەکات کە خەڵکی شام گرنگی بە ئیسلام نادەن ، ئەمە مەسـەلەیەکی نەشیاوە لـەو سـەردەمی سـەرەتاو نۆبەرەییـەی ئیسلامدا ڕوبدات ، چونکە پرۆسەی (فەتح) بەردەوام بوو هەر چۆنێك بێت کەسایەتی معاویە کوڕی سوفیان وەك خەلیفەی موسوڵمانان زیاتر لەسەر بنەما ئاینیەکە نەبوو ، بەڵکو بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا بەلای مەلیکێکی دونیای خاوەن دەسەڵات دا دەشکایەوەبۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەم بۆ چونەمان : دەبینین کە معاویە یەکەم کەس بوو حوجرەی تاکە کەسی بۆ خۆی دروست کردووە لە مزگەوت دا بۆ نوێژکردن کە ئەمەش خۆجیاکردنەوەیە لە موسوڵمانان چونکە یەکێ لە بنەماکان کە پێویست بوو خەلیفە پراکتیزەی بکـات پێش نوێـژ کردنـی موسـوڵمانان بـوو، هـەروەها معاویـە دامەزرێنەری پیشەی حاجب بووە کە زوحال ی کوڕی قەیسی بە حاجب دانا[٧] ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی موسـوڵمانان نە توانن ڕاستەوخۆ خەلیفە ببینـن و کێشـەکانیان ئاراستەی بکـەن لێرەشـدا دابران و جیابونەوەیە لە موسوڵمانان کەچی خەلیفەکانی پێش خۆی زۆر سادەو لە نێو خەڵکدا دەژیان ، هەروەها یەکەم کەس بوو سەرۆکی پاسەوانانی بۆ کۆشکەکەی دانا کە بە نـاوی کۆشکی سەوز (قصر الخضراء)[٨] بە ناوبانگە کە ئەمەشیان لاسای کردنـەوەی مـەلیك و ئیمبراتۆرەکـان بـوو هەروەها معاویە یەکەم کەس بوو بە دانیشتنەوە خوتبەی داوە بۆ موسوڵمانان[٩] هـەروەها یەکەم کـەس بـوو سیستەمی خەلافەتی کردبە سیستەمێکی میراتگەری کە پێشتر ئامـاژەمان پـێکـرد بـە هەڕەشە گەورە هـاوەڵانی (كبار الصحابة) بێدەنگ کرد و بەیعەتی لێ وەرگرتن بۆ زیدی کوڕی وەك (عبداللە کوڕی عمر ، حسین کوڕی عەلی ، عبداللە کوڕی زبیر) کە ئاکامەکەی ڕژانی خوێنێکی زۆر و وێران کردن و سوتانی مەدینەو کەعبە و کوژرانی حسینی کوڕی عەلی و دواتر عبداللە کوڕی زبیر و دروست بوونی دەمارگیری خێڵەکی ...تاد .هەر هەمووی ئەنجامی ئەو سیاسەتەی معاویە بوو.

## دووەم-یەزیدی کوڕی معاویە(٦٠-٦٣ك/٦٨٠-٦٨٣ز) :

دوای معاویە یەزیدی کوڕی دەسەڵاتی خەلافەتی ئەمەوی وەرگرت بە کەسایەتی‌یەکی توند وتیژ و دڵ ڕەق ناودەبرێ . لە سەردەمی ئەم خەلیفەیەدا "حسین کوری عـەلی" سـەربراو سەرەکەشی بۆ یەزید نێردرا، هەروەها شاری مەدینە تالأن کراو هێرشیان بردە سەر مەککە وبە مەنجەنیق ئاگریان لە پەردەو سەربانی کەعبەدا داوە وە ئەگەر هـەواڵی مردنی یەزید نەهاتبا لـە وانە بـوو ئەم شارە وێران بێت[١٠] .

یەزید لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە وەك کەسێکی بێ ڕەوشت و سەرمەست دێتە پێش چاو کە هەموو شێوازو ڕێگەیەك دەگرێتە بەر بێ سڵەمینەوەو هەڵوێستە لە ئایین یا ویژدان و بەها کۆمەڵایەتیەکان .(بروکلمان) لەبارەیەوە دەڵێت:"ڕاستە تەنانەت لە سەردەمی خەلافەت و حوکمەکەشیدا زیاتر سەرقاڵی مەی نۆشین و مۆسیقاو ڕابواردن بوو لەبری ئەوەی بەدوای کاروباری دەوڵەتدا بچێت و ڕایی بکات ، هەروەها سنورێکی بۆ شەڕی بیزەنتە دانا کە تەنانەت کاتێك میریش بوو بەنابەدڵی و ناچاری بەشداری تێدا کرد هەروەها گێڕانەوەو سەرگوزشتەی نەصرانیەکاش ڕاستن کەباس لە خۆشەویستی لە ئەندازە بەدەری بۆ مەی دەکەن ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانی لەو ماوە کورتەی دەسەڵاتیدا و بەشێوەیەکی زیرەکانەو لێهاتوانە چاکسازی لە کارگێڕی و بەڕێوەبردنی داراییدا ئەنجام بدات"[11] .

هەروەها دوزی سەبارەت بە (یەزید) نوسیویەتی و دەڵێت:" زۆر بەگوڕو دڵ گەرم نەبوو بۆ ئەو ئاینەی کە ڕێکەوت ئەمی کردبووە سەرۆکی و پێشتر ئەبوسوفیانی باپیریش لە دژایەتی کردنی ئەو ئایینەدا شکستی هێنابوو بۆیە لەخواترس و باوەڕداریەکەشی زیاتر جۆرێك بوو لە مەرایی و درۆو دەلەسەو هیچ سڵی لە ئاشکرا دەربڕینی نەدەکردەوەو هیچ بەرهەڵستێك نەدەبوە ئاستەنگ لەبەردەم تێرکردنی ئارەزووەکانی و سەرقاڵی ڕابواردنەکانی بوو کە قورئان نەهی لێکردبوون و هەرچی دڵی ئارەزووی بکردایە و بیویستایە ئەنجامی دەدا بێ ئەوەی شەرم لە کەس بکات ،خەڵکی مەدینە زۆر ڕقیان لێ دەبۆوە بەڵام خەڵکی شام ڕێزیان لێدەگرت"[12] .

(سیدیۆ) دەڵێت:"لە خەلیفەکان یەزیدی کوڕی معاویە هاودەمی لەگەڵ مەیدا هەبوو هەرچەندە پێغەمبەر حەرامی کردبوو"[13] .

ئەگەر قسەو بۆچوونی ڕۆژهەڵاتناسەکان لەسەر (یەزید) ڕاست بێت ، ئەوا خراپی یەزید لە هەڵس و کەوتەکانیدا نەنگیەکەی بۆ خۆی دەگەڕێتەوەو ئیسلام لێی بەرپرسیار نیە .

(نتنج) دەڵێت :"وێڕای ئەوەی ئەویش وەك باوکی دانوستان و گفتوگۆی لە شەڕ لا باشتر بوو بەڵام دەربڕینی ئەوەی لا دروست دەکرد کە ئارەزووی پشت گوێ خستن و فەرامۆش کردنی کاروباری دەوڵەتی هەبێت ، چونکە کوڕی دایکێکی مەسیحی بوو کە شاعیرێکی بەهرەمەند بوو ، (یەزید) خاوەن توانایەکی زۆر بوو لە خۆ دڵ خۆش کردن و ڕابواردندا ، گرنگی زۆری بە گاڵتە جاری و شیعر ووتنەوە دەدا"[14] .

خەلیفە (یەزید) لای (فلهاوزن) ی ڕۆژهەڵاتناسیش هێندە بەخت یاری نەبوو ، چونکە ئەویش لە بارەیەوە دەڵێت :"پیاو ڕاست بڵێت کەسێکی زۆردار نەبوو ، هێندەی بۆی لوا بێت شمشێری لە کالان ناوەو ئەو شەڕەشی کۆتایی پێهێنا کە لەگەڵ ڕۆمەکاندا درێژەی کێشا ، بەڵام لۆمەی ئەوەی لێدەکرێت کە بێ ئیرادەو بێ توانا بوو ، گرنگی بە کاروباری خەڵکی ڕەشۆکی و میللەت نەدەدا .. هەروەها دەست بەرداری ئارەزوو لە مێژینەکەی نەبوو وەك مەی و مۆسیقاو ڕاوشکار و شێوازەکانی دیکەی ڕابواردن"[15] .

به هەمان شێوە سەرچاوە عەرەبیەکانیش وەسفی دەکەن کە "پیاوێکی مێرخاس و مەزن بووە ، دەم و چاوی شوێن ئاوڵەیەکی زەقی پێوە دیار بوو ، دەست پێشخەر بوو بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی بە ئاشکرا یاخیبوونەکەی ڕادەگەیاند و هەڵەکانی خۆی بەلاوە باش بوو لە پێناوی خۆشی دنیادا و بۆ ڕازی کردنی ئارەزووەکانی ئاینی هێندە بەلاوە مەبەست نەبوو"[١٦] .

دوو ڕووداوی بەرچاو لە سەردەمی ئەو خەلیفەیەدا ڕویداوە ، یەکەمیان کوژرانی (حوسێنی کوڕی علی) ە ، دووەمیش (شەڕی حرە) یە کە زۆر لە ڕۆژهەڵاتناسەکان جەختیان لە سەرکردووە و بۆ کەم کردنەوەی پایەی موسوڵمانان و مێژووی ئیسلامیان وەك زنجیرەیەك لە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا زۆردارەکان وێنا کردووە.(جرویتبام) سەبارەت بە ڕووداوی کوژرانی (حوسێن) نووسیویەتی و دەڵێت:"کاتێك سەربازەکانی حکومەت دەوری حوسێنیان گرت و پاش گفتووگۆ و دانوستانێکی زۆر کە لە سەربازگەی خۆیدا ئەنجام درا ، ئەمەویەکان داوای کەسێکیان کرد کە بۆ کوشتنی حوسێن کچەزای پێغەمبەر (د.خ) خۆی ببەخشێت ئەوەبوو (شمر کوڕی ذی جوشن) خۆی بۆ ئەم کارە تەرخان کردو دەڵێت ( منم خەنجەرەکەم بە خوێنڕێژی ناوبانگی دەرکردووە ، دایکم تەنها بۆ ئەم کارە هەڵیگرتووم ، گوێ بە ناخۆشیەکانی ڕۆژی حەشر نادەم ، چونکە من (یەزید) دەپەرستم و لە خوا ناترسم ، من دەتوانم عەرشی خوا بلەرزێنم ، تەنها من دەتوانم سەری (حوسێنی کوری علی) پەل دەم ، منم کە بەشم لە ئیسلامدا نیە ، شەرت بێ بە پێڵاوەکانم لە سنگی حوسێن بدەم ئەو دەفرەی ئالای خوای هەڵگرتووە ، بێ ئەوەی لە هیچ سزایەیەك سڵ بکەمەوە"[١٧].

سەبارەت بە (یەزید) دوای ئەم ڕووداوە ، ئەوا (فلهاوزن) باسی دەکات بۆمان کاتێك (عوبەیدوڵا کوڕی زیاد) ی فەرماندەی سوپاکەی کەللە سەری کوژراوەکانی بۆ دەنێرێت و دەڵێت:"ناردنی بۆ خەلیفە (یەزید) لە دمشق ، ئەویش یەکجار زۆر دڵخۆش بوو بەوەی کە ڕویدا ، پێی خۆش بوو دار بکات بەدەمی (حوسین) دا ، بەڵام بە شێوازێکی پیاوانە مامەڵەی لەگەڵ ژن و منداڵەکاندا کرد"[١٨] .

ڕوداوی دووەم -شەڕی (حرە) -ئەوەی لە کتێبە مێژووییەکاندا باوە ئەوەیە کە فەرماندەی ئەمەویەکانی سوپاکەی یەزید دوای ئەوەی شاری (مدینە) ی خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوەو دەستی بەسەردا گرت و کوشتارێکی زۆری لە خەڵکەکەی کرد بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەسەر وەسیەتی یەزید شاری مەدینە لەبەردەستی سەربازەکانیدا ئاوەڵا کرد[١٩] .

بەهەرحاڵ (دوزی) لەبارەی ئەم ڕوداوە نوسیویەتی و دەڵێت:" کاردانەوەی یەزید نوێنەرایەتی ئوروستکراتی شایەتی کۆنی دەکرد چونکە پێشتر تۆڵەی کوژرانی (عوسمان) ی کردبووە و تۆڵەی ئەو شکستانەشی کربۆوە کە باپیری لە سەردەستی خەڵکی مەدینە تووشی هاتبوو کاتێك لە ژێر ئالای (محمد) (د.خ) شەڕیان لە دژی کرد ، بەوەش کاردانەوەی بت پەرستان زۆر توندو تیژ بوو شوێنەوارێکی گەورەی لەسەر بیروباوەڕی ئیسلام جێ هێشت ئەمەویەکان نەیان دەهێشت هیچ هەلێك بەفیڕۆ بڕوات بەڵکو بەمەبەستی شکاندن و کەم کردنەوەی ئیسلام و دەرخستنی ڕق و کینەی توند و ئازاردان و نەهامەتی دروست کردن بەسەر ئیسلامدا دەیان قۆستەوە"[٢٠] .

لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێت :"پێدەچێت کەسێکی دیکەی لەو کوێرە (مسلم کوڕی عقبە المزنی) باشتر بەدەست نەکەوتبێت کە نوێنەرایەتی سەردەمی کۆن و بت پەرستی بکات کە هێندەی نووکە دەرزییەك باوەڕی بە ئایین نەبوو ،ڕێزی لە هیچ شتێك نەدەگرت کە موسڵمانان لایان بەڕێز بوو، (معاویە)ش ئەمەی لەبارەوە دەزانی بۆیە ئاماژەی بۆ (یەزیدی) کوڕی کردبوو لە بارەیەوە و بۆی باس کردبوو کە بەتواناترین کەسانێکە بۆ مل پێ کەچ کردنی خەڵکی (مدینە) گەر بێتو لێی هەڵگەڕێنەوە .. ئەوەبوو (یەزید) فەرمانەکانی خۆی پێ ڕاگەیاندو پێی گوت ( گەر بەرەو مەدینە چویت ئەوا هەرکەسێك وویستی ئاستەنگ بخاتە پێشت یا لەگەڵت بەشەڕ هات ئەوا بە شمشێر ڕوو بەڕووی ڕاوەستەو هیچیان مەهێڵە ، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ ئەو شارە بۆ سەربازەکانت ئاوەڵاو حەڵاڵ بکە ، بریندارەکانیان بکوژە ، ڕێکخەرو پشت و پەناکەیان لەناوبدە"[٢١].

(دوزی) هەوڵدەدا ڕووداوەکە بەسەردەمی پێش ئیسلامەوە پەیوەست بکات ، تاوەکو بیکات بە پێپیلکەو دەروازە بۆ دەست خستنە نێو هەموو بوارە جیاوازەکان کە لەگەڵ ڕوحی ئیسلامدا ناتەبایە .

(فلهاوزن) لەگەڵ ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەدا ڕێك ناکەوێت کە سەبارەت بەم ڕووداوە بەشێوە باوەکەی نوسیویانە لەوانە-مولر و دوزی و کەسانی دیکە- فلهاوزن وەڵامی بیروباوەڕەکانی (دوزی) دەداتەوە سەبارەت بەشەڕی (حرە) دەڵێت:"ئەو بیرە خوارو خێچانە بەهەند هەڵدەگرێت کە زۆربەیان هەڵەن"[٢٢] دواتر پێدادەچێت سەبارەت بەم ڕوداوە دەڵێت:" لە (طبری) دا هاتووە کە لەسەر جێگای مەرگ شایەتمانی هێناوەو ووتویەتی هیچ شتێك لە شایەتمانی ( لااله الا الله وان محمد عبده و رسوله) لای خۆشتر نیە ، دواتر ئەو بە هیچ شێوەیەك بەگوڕ نەبووە بۆ ئەو کارەی کە یەزید پێی سپاردبوو بەڵکو مەبەستیشی نەبوو ، هەروەها ئارەزووی لەوە نەبوو کە جامی ڕق و تووڕەیی خۆی بەسەر شاری پێغەمبەردا قلپ کاتەوە هەروەها تا دوا سات هەوڵی داوە کە خۆی لێ لابدات ، بەڵکو ئەو لەوە بەگومانە کە بڕیاری ئەوەی دابێت تا ماوەی سێ ڕۆژ شارەکە لەبەردەستی سەربازەکاندا بەرەڵابکات دوای ژێر دەستە کردنی . بەڵام ئەو ناچاری کردووە کە موبایەعەی بکات بێ ئەوەی پەنا بۆ شێوازێکی نائاسایی ببات لە توڕەییدا ، هەروەها گوایە خزمەتکارێکی دڵسۆزی گەورەکەی بووە ، یاخیەکانی خستۆتە ژێر ڕکێفی و فەرمانی خۆیەوە ، زۆر دڵخۆشە بەوەی ئەو مەسەلەیە لای ئەو هیچ بونێکی نیە"[٢٣].

(نتنج) دەڵێت:"(یەزید) هەڵمەتێکی تەمێکردنی لە شامەوە بەڕێکرد سەیر لەوەدا بوو کە ژمارەیەکی زۆر لە عەرەبە مەسیحیەکانی لە خۆ گرتبوو ، و لەنێو ڕیزەکانیدا بوو ، کارەکان لە سەرەتادا بە چاکی بەڕێوە دەچوون ، کە خەڵکی (شام) دەستیان بەسەر شاری (مدینە) دا گرت و بەرەو (مکە) هەڵکشان ، پیاوانی مەسیحی هێزی تۆپخانە مزگەوتی (المسجد الحرام) یان بە مەنجەنیقەکانیان بەرد باران کرد کە (عبدالله کوڕی زبیر) خۆی تێدا پەنا دابوو ، لە ماوەی ئابلۆقەکەدا (کەعبە) گڕی گرت و بەردە ڕەشەکە شکاو بووبەسێ پارچە"[٢٤] .

لێکۆڵینەوە ڕۆژئاواییەکان بە تایبەت - لێکۆڵینەوەکانی نتنج سەبارەت بە بابەتە ئیسلامیەکان بە دیاردەیەك یا سیمایەك جودا دەکرێتەوە ، ئەویش دیاردەی بە پیرەوە هاتنی کەم و کورت بوو ، هەرچەندە ئەو بابەتە ئیسلامیانەش پەیوەندیەکی بەهێزتریان لەگەڵ ماوەی یەکەمی ژیانی ئیسلامدا هەبوبێت ئەوا کەم و کورتی لێکدانەوەو بە پیرهاتن لە عەقلیەتی ڕۆژئاوایی نوێدا گەورە تربووە .

ئەمەو قسەیەکی باو هەیە کە گوایە ئەمەویەکان لە سەردەمی (عبدالله کوڕی زبیر) کەعبەیان سووتاندووە ، لەکاتێکدا زیاتر لە گێڕانەوەیەك هەیە کە باس لەوە دەکات کەعبە لە ئەنجامی پزیشکی ئاگرێك سوتاوە کە سەربازەکانی (عبدالله کوڕی زبیر) بە مەبەستی خۆ گەرم کردنەوە لە پاڵ دیواری کەعبەدا کردبوویانەوە[٢٥] .

بەڵام سەبارەت بە بەشداری کردنی مەسیحیەکان لە هەڵمەتەکەدا ، ئەوا نازانین (نتنج) ی ڕۆژهەڵاتناس لە کوێوە ئەو زانیاریانەی هەڵهێنجاوە چونکە سەرچاوە ئیسلامیەکان بە هیچ جۆرێك باس لەو بەشداری کردنەی مەسیحیەکان ناکەن لەو هەڵمەتەدا .

**سێیەم- معاویەی دووەم ٦٣ک/٦٨٠ز:**

کوڕێکی مناڵکاری لاواز بوو دوای مردنی باوکی بووبە خەلیفەو ماوەی چل ڕۆژ حوکم ڕانی ، هەندێك دەڵێن سێ مانگی خایاندووە[٢٦] .

**چوارەم -مەروانی کوڕی حەکەم ٦٤-٦٥ک/٦٨٣-٦٨٥ز:**

دوای سەرکەوتنی لە شەڕی (مرج الراهط) ساڵی ٦٥ ك خەلافەتی خۆی ڕاگەیاندوو ماوەی خەلافەتەکەش یەك ساڵ بوو، لە ماوەی حوکمی ئەوو سەردەمەکەیدا جیهانی ئیسلامی لەناویەکدا دابەش ببون بەسەر لایەنگرانی بنەماڵەی ئەمەوی کە خەڵکی شام و میسر بوون لەگەڵ لایەنگرانی (عبدولای کوڕی زبیر) کە ئەوانیش خەڵکی حیجازو عێراق بوون ، بەڵام لەوەدا سەرکەوت کە توانی خەلافەت لە نێو بنەماڵەی ئەمەویدا بهێڵێتەوە بەڵام گواستیەوە بۆ پەلی مەروانیەکان[٢٧].

مەسعودی وەسفی دەکات بۆمان و دەڵێت:"باڵا بەرز و دووربین بووە ، دوور ڕوانویەتی، چاونەترس و بەتەگبیرو لێوەشاوە بووە "[٢٨] هەروەها مەروان بۆ زیاتر پتەوکردنی دەسەڵاتی سیاسی خۆی و هێشتنەوەی خەلافەت لە تیرەی مەروانی هەڵسا بە داخوازیەکی (الزواج السیاسی) کە (ام خالد) ژنە کۆنەکەی یەزیدی خواست بەم شێوەیەش خەلافەتی بۆ کورەکانی دەستەبەرکرد. و لە تەمەنی (٦٣) شەست وسێ ساڵیدا مەروان مرد و گوایە (ام خالد) دەرمان خواردی کردووە چونکە جنێوی بە کورەکەی داوە[٢٩] . کەواتە مەروان کەسێکی سیاسی بوو نەك ئایینی و لە پێناو دەوڵەتی ئاینی حوکمی کردبێ بەڵکو بە پێچەوانەوە تەنها بۆ خودی حوکم وبنەماڵەکەی خۆی هەوڵی داوە و کوژرانیشی بە دەرمان خواردکردنی زیاتر مەغزای بە سیاسی بوونی کیانی دەوڵەتی ئیسلامیمان بۆ دەردەکەوێت لە سەردەمی حوکمی ئەمەویەکاندا .

**پێنجەم-عەبدول مەلیکی کوری مەروان ٦٥-٨٦ک/٦٨٥-٧٠٥ز:**

بە نموونەی کەسێکی سیاسی دادەنرێت و لەسەردەمی ئەودا (٦٥ تا ٨٦ك) چەندین ڕوادوی گرنگ ڕووی داوە، وەك دەرکەوتنی (التوابین) و ڕاپەرینەکەی (موختاری کوری عبیدی سەقەفی)و شەڕکردنی ئیبن زوبێر و شەڕی خەوارجەکان و ڕاپەرینەکەی (ئیبن ئەشعەس) و گەراندنەوەی ئەفریقیا بۆ ژێر حوکمرانی ئەمەوی و لادانی عبدالعزیزی برای کە جێنشین بوو و دانانی وەلیدی کوری لە جێگای،هەروەها لە ناوبردنی عەمروی کوری سەعید کە داوای خەلافەتی دەکردو لە تیرەی ئەمەوی بوو و لەناوبردنی (سلێمان، ئیبن صرد) کە سەرۆکی شیعەکانی (التوابین) بوو گەمارۆدانی مەککە وئاگر باران کردنی بەمەنجەنیق و کوژرانی کوری عمری خەتاب بە خەنجەری ژەهراوی و هەروەها حەجاج کوری یوسفی سەقەفی چەندین کەسی مۆری سوور کراوی بە ئاگر کردوون چەندین تاوانی تر کە حەجاج کردوویەتی لە گەڵ بنەماکانی ئیسلامدا ناگونجێت گشتی بە فەرمانی عەبدول مەلیك کراون کە لەوەسیەتنامەکەی بۆ وەلید بە ئاشکرا ڕوون دەبێتەوە کە داوای لێ دەکات دەست بەرداری حەجاج نەبێت و زیاتر گرنگی پێبدرێت وبیهێڵێتەوە و گوێ لە کەس نەگرێت کە بە خراپە باسی حەجاج بکات[٣٠]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە عەبدول مەلیك چاوپۆشی لە هەموو رەفتارێکی نا ئیسلامیانەی حەجاج کردووە چونکە پارێزەری کورسی دەسەڵاتی بووە .

کەواتە عەبدول مەلیك ئەو کەسایەتی‌یەی کە بە کۆتری مزگەوت دەناسرا بنەماکانی ئیسلامی لە خەلافەتدا پیادە نەکردووە .بڕۆکلمان دەڵێت:"نوێنەرایەتی تیۆکراتیەتی دەکرد و دەسەڵاتی فەقیهەکانی فراوان کردبوو ، هەرچی قەرزێکی ئاینی لەسەربوو زۆر بەئەمانەت و ووریایەوە دەیدا"[٣١]، فلهاوزن دەڵێت:"هەر لە سەرەتاوە پەیوەندی ئەم لەگەڵ ئیسلامدا جیاواز بوو لە چاو ئەوانەی پێش خۆیەوە ، چونکە هەر لە نێوشاری (مەدینە) خۆیدا لە دایك بوو ، گەشەی کردوو پەروەردە کرا تاوەکو وای لێهات بە یەکێك لەوانە بژمێردرێت کە قورئانیان لە بەرکردووە ، بەڵام کاتێك بووبە خەلیفە گۆڕانکاریەك تێیدا ڕویدا ... ئەوەش ئەوەبوو هەر لەو کاتەی گەیشتە دەسەڵات هەموو شتێکی خستە ژێر ڕکێفی سیاسەتەوە بەڵکو تەنانەت کەعبەشی خستە ژێر مەترسی ڕوخاندنەوە"[٣٢]

(دوزی) وەسفی سەردەمەکەی دەکات کە "پرشنگدارترین سەردەم بوو لەلایەنی هەڵمەتەکانی فەتح و سەروەری شەڕەوە لە چاو هەموو سەردەمەکانی دیکەی بەر لەخۆی ، ئەوەبوو (قوتەیبەی قەیسی) ئاڵای ئیسلامی لەسەر شورەکانی (سەمەر قەند) چەقاند و (محمدی کوڕی قاسم) هەڵمەتی بردە سەر (هند) و گەیشتە دەم چیاکانی (هیمالایا) ، یەمانیەکان توانیان دوای ڕزگارکردنی باکوری ئەفریقیا ئیسپانیاش بخەنە پاڵ ئەو ئیمپراتۆریەتە فراوان و پان و پۆڕەی کە پێغەمبەر(د.خ) بەردی بناغەی دانا"[٣٣].

لەسەرچاوە ئیسلامیەکاندا هاتووە ( خۆی کارەکانی ڕادەپەڕاند و بەئاگابوو لە دەسەڵاتداریتیدا و لە ڕایەکانیدا توند و بە ئیرادەبوو، لەمەسەلەی دوژمنەکانی و شەڕەکانیدا هیچ کاروبارێکی نەدەدایە دەست کەس تاوەکو خۆی سەروکاری نەکردایە ، لە زۆر کاردا توشی هەڵە دەبوو بەڵام کاتێك بەسەلامەتی دەرباز دەبوو لەخۆبایی دەبوو[٣٤]

هاونشینی زاناو فەقیهەکانی دەکردو لێیانەوە فێردەبوو ، زمان پاراوو بگۆ بوو، لەمەسەلەی حەق و ڕاستیدا قسە لە ڕوو بوو سڵی لە لۆمەی هیچ لۆمەکارێك نەدەکردەوە ،، قورئانی لەبەرکردبوو زانستە ئاینیەکانی خوێندبوو وەك فقە و تەفسیرو فەرموودەکانی پێغەمبەر ، یەکێك بوو لە فەقیهەکانی مەدینە ، چونکە بەردەوام خەریکی قورئان خوێندن بوو ناویان لێنابوو (کۆتری مزگەوت) ، هەروەها ئەدیب و زانا بوو ڕەخنەی لە شیعر دەگرت و چاك و خراپی لێك جودا دەکردەوە ، بەر لەوەی ببێتە خەلیفە عاقڵ و لە خواترس بوو ، لە خەلافەتیشدا دەسەڵاتدارێکی بەهێزو بەسام بوو ، زۆر بە ڕاوو تەکبیر بوو بە ئازایی و لێهاتوویی خۆی توانیی دەوڵەتی ئەمەوی لەو ئاستەنگە دەرباز بکات و لەو شێوایە دەری بهێنێت کۆشکی سەروەری بۆ دەوڵەتی ئەمەوی بونیاد بنێت لەسەر بنەمای پتەوو بەهێز بۆیە بە دووەمین دامەزرێنەری دەوڵەتی ئەمەوی دەژمێردرێت.[٣٥]

## شەشەم-وەلیدی کوڕی عەبدول مەلیک ٨٦-٩٦ک/٧٠٥-٧١٥ز:

دوو ڕوداوی گرنگ لە سەردەمی ئەم خەلیفەیەدا ڕووی داوە یەکەمیان فتح کردنی تەواوی ناوچەکانی مەغریبی عەرەبی و داگیرکردنی ئسپانیا بەسەرکردایەتی موسی کوڕی نوسەیر و تارقی کوڕی زیاد.

نیتج دەڵێت :"وەلیدی کوڕی مایەی ڕێزو شانازی بوو چونکە بەو پێیەی یەکێك بوو لە مەزنترین ئەو کەسانەی گرنگیان بە وولاتی شام دەداو پاسەوانێکی هەرە بەئاگا بوو بۆ پاراستنی بەرژەوەندی دانیشتوانی ، دەرگای ماڵەکەی لەبەردەم خەڵکیدا ئاوەڵا بوو، ماندووبوون و ناخۆشیەکی زۆری بینی و دانی بە خۆدا گرت لە پێناو فەراهەم کردنی داد پەروەری و لابردنی شەڕو زۆرداری و یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکان بەڕێگای ناوبژی و تەحکیم"[٣٦] .

فلهاوزن پێی وایە لە سەردەمی ئەودا "سوپای عەرەب گەشابوەو سەردەمێکی نوێ لە سەردەمەکانی ڕزگارکردن و فەتحە مەزنەکان دەستی پێکردبوو ، لە ناوخۆدا ئاشتی بالا دەست بوو .. دەڵێن گوایە ئەو یەکەم خەلیفە بوو کە وەك خەلیفەیەکی بەسام و هەیبەت خۆی نیشاندا وەو گرنگی‌یەکی زۆری بەوە داوە کە وەك گەورەیەك بەدەرکەوێت و حەزی کردووە کە خەڵکی سڵی لێ بکەنەوە تەنانەت گەر ڕقیشی لێ هەڵگرن .. داوای لە هەموو مرۆڤێك دەکرد کە قورئان خوێن بێت"[٣٧] . مەسعودی بەوە وەسفی دەکات کە زۆر توندو تیژ بووەو لەکاتی توڕەییدا نەوەستاوەو ئاکامەکەشی بەلاوە گرنگ نەبووەو بە هەندی هەڵنەگرتووە[٣٨] .

کەسایەتی سلیمان کەسایەتی‌یەکی زیاتر شەرانی بووە و زۆر حەزی بە غەزا کردووە لە هەمان کاتدا رقی زۆری لە حەجاج کوری سەقەفی بووە بۆیە کاتێ سلیمان دەبێتە خەلیفە سەرەرای ئەوەی کە ساڵێك بەسەر مردنی حەجاج تێپەریبوو بەلام کەسانی نزیکی حەجاجی سزاداو ئەگەر ئەمە لەلایەك بە کارێکی باش بۆ سلیمان لە قەڵەم بدرێت نابێت ئەوەشمان بیر بچێت کە کارێکی شەخصی بوو دژ بە حەجاج و بنەماڵەکەی .

هەروەها لە سەردەمی ئەم خەلیفەیەدا لە شکری ئەمەوی گەمارۆی قسطنطنیةی داوە بەلام بە هۆی نا شارەزایی مەسلەمەی کوری عبدالملیك نەتوانراوە ئەم کارە بە سەرکەووتویی کۆتایی بێت . وە نابێ ئەوەشمان بیر بچێت کە کارێکی گرنگی سلیمان دانانی عومەری کوری عەبدول عزیزە بە جێنیشینی خۆی[٣٩] هەروەها لە سەردەمی ئەم خەلیفەیەشدا فراوانخوازی هەر بەردەوام بوو لەشکری ئەمەوی توانی چەندین شوێنی تر داگیر بکات . نتنج دەڵێت :"کەسێکی هەوەسباز بوو حەزی بەژیانی تەمەڵی و پاڵدانەوە دەکرد ژن و کەنیزەکانی لە گۆرەپانی جەنگ بەلاوە گرنگتر بوو ، لە خواردندا ژەم بووردەو زۆر خۆرو قەڵەو بوو ، حەزی لە حەریری گرانبەها دەکرد ، دەڵێن لە قۆڵەکانیدا گۆشت و مریشکی قەڵەوی حەشار دەداو لە کاتی کۆبوونەوە رەسمیەکاندا دەیخوارد"[٤٠].

بەلام لە شەرەکانیدا لەگەڵ رۆمەکاندا ئەوا (برۆکلمان) لەبارەیەوە دەڵێت:" ئەو شەرانە هیچ ئاکامێکی نەبوو جگە لە پرکردنی بازارەکانی کۆیلە بەدیلی جەنگ لە رۆم و یۆنانیەکان ، وارێدەکەوێت جارێك سلیمان لە مەدینە دەبێت لە رێگای گەرانەوەی لە حەج چوار سەد کەسی لەو دیلە رۆمانە بە هەندێك لە کەسانی نزیك خۆی لەوێ بەخشی . ئەوانیش شمشێریان لە مل نان وەك لە دێرێك شیعری جەریردا بەدەردەکەوێت کە خۆی یەکێك بووە لەوانەی لەو کارەدا بەشداری کردووە"[٤١] .

بروکلمان سوودی لە هەواڵێکی لاواز وەرگرتووە بەپێی ئەوە حوکمی داوە و پەنای بۆ دێری شیعری(جەریر) بردووە تاوەکو ئەوەی لێ وەربگرێت کە پشتگیری بیرۆکەکەی دەکات و لەوەش بترازێت وەری نەگرتووە ، چونکە یەکێك لە سیفەتەکانی سلێمان ئەوەبوو کە هەرگیز لە خوێن رشتن و پیاوکوژیدا پەلەی نەکردووەو راوەرگرتنی عاقڵ و دانا کانیش پێ نەنگی نەبووە[٤٢] .

فلهاوزن بۆمان وەسف دەکات کە :" وێرای ئەوەی سلێمان کەسێکی بێ خەم بووەو گوێی بە هیچ نەداوە کەچی فەرمانی داوە مشوری پیاوخراپانی شار وەربگیرێت ، بەلام هەوەسبازی سلێمان نەبۆتە لەمپەر لەبەردەم ئەوەی کە لەنێوان خواپەرست و ئاینداراندا لایەنگری نەبێت ، وادیارە هەڵوێستی روون و ئاشکرا بووە بە ئامادەبوونی لە دانیشتنەکان و کۆرو کۆبوونەوەکانی (رجاء بن حیوە ) چونکە هەڵوێستی خەلیفەکانی ئەمەوی لەم فەقیهە پێوەر بووە بۆ هەڵوێستیان لە ئاینی ئیسلام"[٤٣] .

لەڕاستیدا فلهاوزن دژی ڕایەکانی پێشوتری خۆی وەستاوەتەوە بەپلەی یەکەم ، دواتر بەم قسانەی دژی بۆچونەکانی ڕۆژهەڵاتناسانی پێش خۆی وەستاوە کە لەم بارەدا نووسیویانە و ڕایەکانیانی پوچەڵ کردۆتەوە .

## هەشتەم -عومەری کوڕی عبدالعزیز٩٩-١٠١ك/٧١٧-٧٢٠ز:

لە ڕۆژی مەرگی خەلیفە ( سلێمانی کوڕی عبدالملیك) دا موبایەعە کراو وەك خەلیفە هەڵبژێردرا "خەلافەتەکەی دووساڵ و پێنج مانگی خایاند ، لەو ماوەیەدا توانی بۆ جیهانی بسەلمێنێت کە چۆن ئەو لێپرسراوەی خوا سەرچاوەی کارو شەریعەتیەتی دەتوانێت ڕوداو و شتەکان بەئارەزووی خۆی ئاراستە بکات و ملی مێژوو بەو ئاراستەیەدا وەرچەرخێنێت کە خۆی دەیەوێت و نرخ و بەهاو پێوانە بۆ هەموو شتێك و هەموو بونەوەرێك وکارو کردەوەیەك دابنێت کە خوای گەورە بۆ مرۆڤی ئامادە کردووە تاوەکو بەختیار بێت و گەشە بکات و لەگەڵ یاساکانی گەردووندا خۆی بگونجێنێت"(٤٤) .

دۆزی دەڵێت :"(عومەر) تاکەکەس بوو لە مێژووی ئەمەویەکاندا کە سەر بەهیچ کۆمەڵێك نەبوو ، بەڵکو حوکمدارێکی ئاینپەروەرو کامڵ و لێوەشاوەبوو ، زەندەقی لە هاوارو کێشەی پشێوی ورق و کینە چوو بوو ، خۆی بۆ خوا پەرستی و بڵاو کردنەوەی ئیسلام تەرخان کردبوو"(٤٥) . نتنج دەڵێت:"عومەر جیاوازیەکی تەواوی لەگەڵ ئەوانەی دیکەی پێش خۆیدا هەبوو ، زۆر لە عومەری یەکەم لە خوا ترس و ڕاست تر بوو ، بە منداڵی ئاژەڵێك ڕووی زامدار کردبوو ، سەری ڕوتابۆوەو بە شێوەیەکی ترسناك لاواز بوو"(٤٦) .

ڕاستە کە پیاوێکی سەر ڕاست و گران و سەنگین بووە ، ئاینی بەسەر دونیادا خستووە وبەلایەوە چاکتر بووە چاوی لەو دونیا بووە و تکای ئەو ڕۆژە بووە و دان بە دینداریەکەی دانراوە . بەڵام (نتنج) بەهەمان شێوەی ڕۆژهەڵاتناسانی دیکە هەوڵی ئەوە دەدەن کە ئەو ڕووداوە پۆزەتیفانەی مێژووی ئیسلام سنور دار بکەن و بە ویستی خۆیان لێکی بدەنەوەو دەستکاری بکەن بەو شێوەیەی کە بنەماو بناغەی یەکێتی ئیسلام دەڕوخێنێت .
بڕۆکلمان دەڵێت : "هەرچۆنێك بێت ، مەبەستەکانی عومەر پاك و باش بوونە . وەك هەندێك باسی لێوە دەکەن بەرهەمی عەقڵێکی خوایی نەبوە کە تەنها چاوی لە قیامەت بێت ، بەڵام هەلی تەواوی بۆ نەڕەخسا تا بە گورج و گۆڵی و چالاکی لە ماوەی حوکمە کورتەکەیدا ڕزگاری بکات بەڵام مەزنترین شتێك کە عومەر گرنگی پێدا چاکسازییە داراییەکەی بوو"(٤٧)

عومەری کوڕی عەبدول عزیز مەهدی ئومەتی ئیسلام بوو ، ئەو خەونەی بوو کە ساڵانێك بوو چاوەڕوانی دەکرد، ئەو پیاوەی زەوی پڕکرد لە داد پەروەری دوای ئەوەی پڕکرا لە زۆرداری و ستەم ، ئەو مرۆڤەی بەهاکانی حەق و داد پەروەری بۆ بنیادەم گێڕایەوە ، لە پاش ئەوەی ڕۆژگارێك لە سەردەمی پێغەمبەرو خەلیفەکانی ڕاشدی پێی ئاشنا بوون و سەبارەت بەوان بووە ڕاستیەك کە

پێویسته بەدی بهێنرێت جا هەرچەندە زۆر داری و ستەم و چەوساندنەوەو چاوەڕوانی درێژە بکێشێت.

(فلهاوزن) شێوازێکی زانستی ترو ورد تری گرتۆتە بەر لە چاو سەرجەم ڕۆژهەلاّتناسانی دیکە کە سەبارەت بە مەسەلەی دارایی لە سەردەمی ئەو خەلیفەیەدا قسەیان کردووە ، بەلاّم ئەویش بەهەمان شێوە کەوتۆتە هەندێك هەلّەوە و دەلّێت: "هەرچەندە مەسەلەکە گومانی تێدا بێت بەلاّم هەرچۆنێك بێت شتێکی ڕوون و ئاشکرا هەیە ئەویش ئەوەیە گەر بێتوو ڕووبەڕووی ئەو خەلیفەیە بوەستینەوەو بمانەوێت لە کارەکانی کەم بکەینەوەو بێ نرخی بکەین بێگومان دەبینە مایەی گالّتە جاڕی .. ڕاستە لێهاتوویی و بە توانابیەکەی بە گشتی نەدەگەیشتە ئاستی دلّسۆزیەکەی ، بەلّگەی یەکەم لەسەر ناکاملّی سیاسی یەوە نیشان دەدات کە پشێوی خستۆتە ڕەوشی دارایی‌یەوە .. شتێك کە بتوانین ڕەخنەی لێ بگرین لۆمەی بکەین ئەوەیە کە داواکاری زۆری لە (بیت المال) کردووە کە زیاتر دەستگیرۆیی و یارمەتی بوو کە دەیبەخشین یا خەریك بوو بیبەخشێت"(٤٨)

لە شوێنێکی دیکە خۆی دژی ڕایەکانی دەوەستێنێتەوە کاتێك دەلّێت: "کاروباری دارایی لە سەردەمی عەبدول مەلیك و حەجاجدا زۆر خراپ بوو، بەلاّم لە سەردەمی (عمر) دا باش بوو"(٤٩) .

ئاخۆ عومەر بە پەیڕەوکردنی ئەو سیاسەتە بەخشندەیی و دلّ باشیەی بۆ جەماوەر زیانی بە (بیت المال) گەیاندووە ؟ یا خەزێنەی دەولّەتی دووچاری کورت هێنانی ترسناك کردووە ؟ یا تووشی شکستێکی کردووە کە نەگیرێتەوە ؟! یا ئەوەتا باری دارایی گێڕاوەتەوە بۆ سەر ئەو بارەی کە پێویستە لەسەری بێت و هاوسەنگیەکی چاکی لە نێوان داهات و خەرجیەکانی وولاّتدا ئەنجام دا .

ڕۆژهەلاّتناسان زۆرن کە بەتایبەتی سەبارەت بە سیاسەتی دارایی عومەر قسەیان کردووە ، تاوەکو وا پیشانی خوێنەران و لیکۆلّیاران بدەن کە یەکگرتنەوەیەك لە نێوان واقع و بەهاکاندا ڕوویدات و یەکتر تەواو کردنێك لە نێوان بەرنامەکانی ئیسلام و بەرژەوەندی دارایی دەولّەتەکەی ئەستەمە هەبێت و بێتە کایەوە .

فلهاوزن ڕەخنە لە هەندێك لە ڕۆژهەلاّتناسان دەگرێت و ئاماژە بە هەلّەکانیان دەکات و دەلّێت: "فۆن کریم و مۆلەر پێیان وابوو کە عومەر بە میسال بەستە خەیالّیەکەی و پاکیەکەی وەرگیراوە ، بەلاّم ئەو مەسەلەیەی عومەر دووچاری بوو مەسەلەیەکی خەیالّی نەبوو بەلّکو ڕاستیەکی بە پەلە بوو . بۆمان نیە لۆمەی ئەم ڕۆژهەلاّتناس یا ئەو بکەین بەلّکو جگە لەوان زۆر هەن کە لەسەرهەمان ڕێبازی علمانی ڕۆیشتوون لە چارەسەرکردنی مەسەلەکان و کێشەکانی مێژووی ئیسلامدا و کەوتوونەتە هەلّەی یەکجار گەورەوە ، تەنانەت ئەو هەلاّنە هەندێك جار بۆتە هۆی ئەوەی هەندێك لە ڕۆژهەلاّتناسان بە خۆیاندا بچنەوە و دووبارە ڕێبازە ئابووریەکەی خەلیفە عومەر هەلّسەنگێننەوە و ڕاستیەکان لە شوێنی خۆیدا دابنێنەوە و وەلاّمی ئەو هەلاّنە بدەنەوە .

بەلاّم سەبارەت بە بیروڕای هەندێك لە بێگانەکان دەربارەی عومەری کوڕی عەبدول عەزیز ئەوا فلهاوزن دەلّێت: "هێزی چەك نەلە پالّ عومەر بوو نەلە دژی بوو ، بەلاّم ئەو هێندە باش بوو وای

لەهەموو خەڵك کردبوو تەنانەت بێگانەش کە تا ئەمڕۆ دان بەسەروەری و چاکەی ئەودا بنێین ، کە هیچ پاشایەك لە ژیانیدا بە دەستی نەهێناوە"[٥٠].

**نۆیەم - یەزیدی دووەم١٠١-١٠٥ك/٧٢٠-٧٢٤ز :**

ڕۆژهەڵاتناسەکان یەزیدی دووەمیان وەك کەسێکی ڕۆمانسی و توند کە زۆر زوو هەڵدەچێت دەرخستووە یەزید دوای مردنی عومەر یەکڕاست بۆ خەلافەت هەڵبژێردراوە ، فلهاوزن لە بارەیەوە دەڵێت:"لاواز بوو گوێی بە هیچ نەدەدا .. بنەمای ئارەزووەکەی جدیەت و دەست تەنگی نەبوو بەڵکو گورج و گۆڵیەکی ئوروستوکراتیانە بوو سوارچاك بوو زیاتر وەك لەوەی کەسێکی ئیداری بێت ، هەردوو کەنیزەکەکانی حەبابەو سلامە ڕۆڵێکی مەزنیان لە کۆشك و دەربارەکەیدا دەگێڕا و خاوەن خەیاڵێکی فراوان و شاعیری بوو زۆر خۆشی لە شیعرو مۆسیقا دەهات"[٥١]

لە ڕاستیدا (بروکلمان) ی ڕۆژهەڵاتناس دژی (فلهاوزن) بووەو ڕایەکانی پوچەڵ دەکاتەوە کاتێك دەڵێ " لە ڕاستیدا سەرگوزشتەو گێڕانەوەکانی دژ بە ئەمەویەکان بە هەمان شێوەی یەزیدی یەکەم یەزیدی دووەمیش وێنا دەکەن ، بەوەی کە پیاوێکی بێ خەم بووە گوێی بە هیچ نەداوەو سەرقاڵی ڕابواردن و تێرکردنی ئارەزووەکانی بووەو خەریکی مۆسیقا بووە هێندەی بە کەنیزەك و گۆرانی بێژەکانەوە سەرقاڵ بووە ، کاروباری هەرێم و ناوچەکانی پشت گوێ خستووەو داویەتی بە دەست میرو کاربەدەستەکانی بە ئارەزووی خۆیان بەڕێوەی بەرن ، لە ڕاستیدا سەردەمە کورتەکەی پڕبوو لە جۆرەها چالاکی جدی تەنانەت دوای لە ناوبردن و نەهێشتنی گۆبەند و کێشەکانی عێراق . ئیدارەی مەککەو مەدینەی یەکخست و ڕیفۆرمێکی زۆری لە دیوانی هۆزەکان ئەنجام دا لە میسر .. هەوڵیدا ئەو زوڵم و ستەمەی لە ئەنجامی چاکسازیە داراییەکانی عومەری دووەم دووچاری خەڵکی هاتبوو چارەسەری بکات بەڵام ڕێو شوێنەکەی بە دڵی خەڵکی نەبوو ، وەك سەر لەنوێ سەپاندنەوەی خەراج بەسەر زەویەکاندا پاش ئەوەی ئەوانەی بەر لەخۆی نەیانهێشتبوو لە زۆر لەناوچەکان ، سەبارەت بە سیاسەتی ئەم خەلیفەیە لەگەڵ نەصرانیەکاندا ئەوا سیاسەتێکی جودای لە سیاسەتی عومەری کوڕی عەبدول عەزیز پەیڕەو کرد ئەوەبوو هەر بەوە وازی نەهێنا کە دەستی بەسەر چەند کڵێسایەکیاندا گرت، بەڵکو فەرمانی دا کەوا پەیکەرە ئاینیەکانیان وردو خاش بکرێت ، بۆیە زۆر ئەستەمە هەست و سۆز بدرێتە پاڵ ئەو پیاوە بە ئەندازەیەك کە خەفەتباری بۆ مردنی کەنیزەکێکی لە کەنیزەکە نزیکەکانی ببێتە هۆی مردنی"[٥٢] .

**دەیەم - هشام کوری عەبدول مەلیک١٠٥-١٢٥ك/٧٢٤-٧٤٣ز :**

خەلیفەیەکی ئازود بیرمەند و بەحەزم بوو هەوڵی داوە هەر کەسە و مافی خۆی وەربگرێ ، ویەکێك بوو لەو خەلیفانەی کە زۆر ڕقی لە خوێن ڕشتن بووە . برۆکلمان دەڵێت : "هشام کوڕی عەبدول مەلیك لە ڕۆژی مردنی یەزیدی دووەمدا بەیعەی پێدرا گەورەترین و دیارترین سیفاتی خراپ و خاڵی لاوازی هشام دەستتەنگی و چاو چنۆکیەکەی بوو ، بەهەمان چاوی پارچە زەویەك تەماشای دەوڵەتی دەکرد ، پێی وابوو کە پێویستە بەرهەم بهێنرێت ، لێرەوە بەردەوام والیەکانی

ناچار دەکرد کە خەڵکی ڕەشۆکی دادۆشن . کارەکە هەر بەوە نەوەستا بەڵکو خەراجی سەپێندراوی سەر قوبرس و ئەسکەندەریەی زیاد کرد ، کە ئەمەش پاڵی نا بە فارسەکان و تورکەوە لە وولاتی ئەودیو ڕووباردا و بەربەرەکان لە ئەفریقیا کە ناڕەزایی دەربڕن و کە ئەمەش ڕێ خۆشکەری کرد بۆ پەیامبەران و نێردراوانی عەباسیەکان ، لە ساڵی ٧٤٣ ز کۆچی‌دا و لە دوای خۆی ئیمپراتۆریەتی لە بارێکدا جێ هێشت کە هەرگیز لەوە خراپترو چارە ڕەش تر نابێت "[٥٣]. بێ گومان بروکلمان هەمان ڕێبازی باوی ڕۆژهەلاتناسی گرتۆتە بەر ئەویش بە پێشکەش کردنی ئەگەری پێش وەخت و دواتر گەڕان و پشکنین بە نێو دەق و بەڵگەکاندا تاوەکو دواتر لە شوێنی یەقین و جێگیر دایبنێیت و لەوەشدا گوێ بەوە نادات کە بەڵگەکان هەڵگێڕێتەوە یا پوچەڵی بکاتەوە یا بەشێکی وەرگرێت و بەشەکەی تری فەرامۆش بکات .ڕاستە بەرچاوتەنگ بوو بەڵام والیەکانی خۆی ناچار نەکردووە کە خەڵکی دادۆشن چونکە ( ووردبین بووەو دەستی بە پارەوە گرتووە کەمی خەرج کردووە ، لە دەسەڵاتەکەیدا بەردەوام بە ئاگا بووە ، چاودێری خەڵکەکەی بووە و خۆی کارەکانی ڕاپەڕاندووە هیچ شتێکی لە کاروو باری وولاتەکەی لێ وون نەبووە و فەرامۆشی نەکردووە .

( فلهاوزن) دەڵێت :"ئێمە هەستی خۆمان بە هەڵە و لاڕێدا دەبەین گەر وای بۆ بچین کە خەلیفە هشام مەبەستی زیاتر گرنگی پێدانی کاروباری ناوخۆیی و حوکمڕانی بووبێت لە چاو مەسەلەکانی دیکەوە ، چونکە گەر ئەو شەڕکەریش نەبوو بێت ئەوا خۆی لە شەڕ بەدوور نەدەگرت ، بەڵکو بە ئیرادەوە لەسەری بەردەوام بوو هەموو ئامرازەکانی لە پێناودا بەکارهێناو سوپای بەهێزی بۆ ئامادە کردو پارەو چەکداری لە پێناودا بەخشی کاتەکەی سەرقاڵی پرۆژە جەنگیەکان بوو دابەشی کردبوو لە گۆڕەپانە جۆراوجۆرەکانی جەنگدا"[٥٤] .

لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت:"لەخودی خۆیەوە هیچ خراپەکاریەک بەرامبەر بە ئاین پەروەرو خاوەن باوەڕەکان ڕوی نەدا ، چونکە موسڵمانێکی چاك بوو لەسەر ڕێبازی پێشینەکان ، هاوڕێی نوێخواز و تازەگەرەکان بوو وەك ( زهری ئیبن زناد) و دوژمنی گروپی قەدەریەکان بوو کە ئەهلی بیدعە بوون کەوتنە کێشە نانەوە و ووروژاندنی مەسەلەکانی بڕواو باسیان لە سەربەستی ئیرادە دەکرد ، لە کۆتاییدا دەڵێ ( هەرچیەك بێت ئەوا کۆتایی تۆڕی حوکمداریەکەی هشام کە تۆزێك درێژەی کێشا زۆر ناخۆش و چارە ڕەش بوو ، هشام لە هیچ شوێنێك لەلای گەل خۆشەویست نەبوو ، لە هەموو شوێنێکیش بێ شانس بوو، ئەو دەوڵەتە پان و بەرینەی لە بارێکی یەکجار زۆر خراپدا جێ هێشت ، بۆیە تەنها ڕێکەوت نەبوو کە بانگەوازی عەباسیەکان لە ڕۆژگاری حوکمڕانی ئەودا چالاك بوو"[٥٥].

ڕاستە هشام پارەی کۆدەکردەوە بەڵام لە هەمان کاتدا زەویشی ئاوەدان دەکردەوە ، لە هەموو خەلیفەکانی دیکەی ئەمەوی توند تر بوو ، خاوەن عەقڵێکی فراوان بوو. ئیدارەیەکی چاکی بەڕێوە دەبردو بە تەگبیر بوو ، زۆر بە تەنگ جێگیردنی حەق و دادپەروەریەوە بوو ، سزای سەعیدی کوڕی دا چونکە کاری خراپ و داوێن پیسی کردبوو مەی نۆشی بوو ، بۆیە لە حوکمداریتی (حمص) لایبردو سوێندی لێ خوارد کە نابێ جارێکی دیکە لە تەمەنیدا هیچ کارێك لە دەست بگرێت و ووتی

( بەخوا ئێمە حەق دەناسین گەر دابەزیٚ وە ڕقمان لە دەست بلاٚوی و دەست تەنگیە ، لە خۆڕاو بە فیڕۆ هیچ نابەخشین و لە هەمان کاتدا دەستمان لە ئاست خەڵکیدا توند ناکەین ، ئێمە جگە لە پاسەوان و چاودێری خوا لە دونیادا و ئەمین لەگەڵ بەندەکانیدا چیدی نین)[٥٦] .

**یازدەیەم - وەلیدی کوڕی یەزید ١٢٥-١٢٦ك/٧٤٣-٧٤٤ز :**

بە خەلیفەیەکی گەندەڵ و فاسق ناسراوە دوای مردنی هشامی مامی کورسی دەسەلاٚتی گرتە دەست ، فلهاوزن دەڵێت :" کاتەکانی خۆی بەردەوام لە ڕاوشکارو خواردنەوە لەگەڵ هاوڕێکانیدا بەسەر دەبرد ، هێندەی بیری لای مۆسیقاو شیعر بوو هێندە بیری لای قورئان نەبوو"[٥٧] .بەلاٚم لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت:" دوای ئەوەی لە شەڕ کردن لەگەڵ (یەزید) دا تەواو بوو گەڕایەوە کۆشکەکەی و لە ژورێکی ناوخۆییدا دانیشت و کەوتە قورئان خوێندن "[٥٨] . هەروەها (دوزی) وەسفی دەکات کە " ژیانی بەسەرقاڵی تێکردنی ئارەزووەکانی بەسەر بردوو لەسەر هەڵەکانی بەردەوام بوو ، لە نوێژدا شوێنەکەیان پڕ دەکردەوە ، دەڵێت گوایە لە کاتی فێربوونی نیشان شکێنیدا قورئانی کردۆتە نیشانە"[٥٩].

**دوانزەیەم - یەزیدی کوڕی وەلید١٢٦ك/٧٤٤ز :**

دوای کوژرانی وەلید بوو بە خەلیفە و نازناوی( الناقص)یان بەسەردا دابری بوو چونکە هەڵسا بەکەم کردنەوەی ئەو بەخششەی کە وەلید بۆ خەڵکی زیاد کردبوو ، ئەویش کەمی کردەوەو گەڕاندیەوە بۆ باری ڕۆژگاری هشام کوڕی عەبدول مدلیك[٦٠] .

**سیانزەیەم- مروانی کوڕی محمد ١٢٧—١٣٢ك/٧٤٤-٧٤٩ز:**

ناسراوە بە مروانی جەعدی یا (حمار) چونکە زۆر ئارام بووە لە شەڕەکانیدا لەگەڵ نەیارەکانی، یەکەم کاری مەروان دەرهێنانی لاشەی یەزید بوو لە گۆردکەی و لە چوامێخەی کێشا .بەدوا خەلیفەی ئەمەویەکان دەژمێردرێت لەسەردەمی ئەودا سوپای عەباسیەکان توانیان بەسەر ئەمەویەکاندا سەرکەون و لەگەڵ (مەروان) دا لەشەڕی (الزاب الاعلی) ساڵی ١٣٢ ك بەیەك گەیشتن و شەڕێکی گەورە ڕویدا کە مەروان تێیدا شکستی هێناو بەرەو شام ڕایکردو لەوێوە بەرەو میسر هەلاٚت و لەویٚ لە گوندی (بوصیر) لە ناوچەی (صعید) ی میسر کوژرا و بە کوژرانی ئەو دەوڵەتی ئەمەوی لە ڕۆژهەلاٚتی ئیسلامیدا کۆتایی هات .[٦١]

# دەرئەنجام

لە خوێندنەوەی ئەم بابەتە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هیچ کەلەبەرێك لە مێژووی ئیسلامدا بەگشتی و مێژووی سەردەمی ئەمەویەکان بە تایبەتی نەماوە گەر بێتوو ڕۆژهەلاَتناسان بە پیَی ڕێبازی جۆراو جۆر توێژینەوەی لەسەر نەکردبێت کە ناوەڕۆکی بابەتەکانیان بە پیَی جیاوازی بۆچونی نوسەرەکانیان جیاواز بووە .

بۆیە کارێکی سروشتییە گەر بێتوو بۆچونی ئێمەی موسڵمانیش لە مەڕهەندیَ مەسەلەوە جیاواز بێت لەگەلَ ڕۆژهەلاَتناساندا بۆ نموونە جەخت کردنی زۆر بەیان لەسەر مەسەلەی گۆڕینی حەج لە مەککەومەدینەوە بۆ (بيت المقدس) لە سەردەمی عەبدول مەلیك دا ، چونکە ئەم جۆرە بڕیارانە لەلایەن دەسەلاَتدارانی دەوڵەتی ئەمەویدا لەم سەردەمەدا کە حوکمەکانی ئیسلام شوێن پیَی خۆی تێدا چەسپاندبوو کارێك بوو لە توانای عبدالملك و کەسانی دیکەدا نەبوو ، هەر کەسێك بیری لە شتی ئاوەها بکردایەتەوە ژێر پیَ دەنرا هەرچەندە خاوەن دەسەلاَ ت و زۆر داریش بوایە .
هەروەها دەربارەی پراکتیزە کردنی ئیسلام لەو ناوچەو ولاَتانەدا کە موسڵمانان پیَی گەیشتبوون و ئەوەم ڕوون کردۆتەوە کە چۆن کەوتوونەتە هەڵەوەو مەسەلەی بڕواو شەریعەتیان تێکەلَ بە یەکتر کردووە بە مەبەستی لێدانی ئیسلام و کەمکردنەوەی ، دەرمخستووە کە ئیسلام شیاوی پراکتیزە کردنە لە هەموو زەمان و زەمینەیەکدا و بۆ هەموو گەلێك دەشێت و بۆ هەموو ژینگەیەك گونجاوە ، کەی تێیدا قولَ بوینەوە و پێیدا ڕۆچوینە خواریَ و توانیمان چۆن هەڵیهێنجین ومەسەلەی وەهای لیَ دابتاشین کە تێیدا نەهاتووە.

بەلاَم سەبارەت بە پەیوەندیەکانی دەوڵەتی ئەمەوی وەك دەزگایەك لەگەلَ دەزگاکانی پێش خۆی وەك بیزەنتی و ساسانی ئەوا ڕۆژهەلاَتناسەکان زۆریان لەبارەیەوە نوسیوە کە دەوڵەتێکی میراتگرە و بەدوای ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا هاتووە و پەیوەندیەکانی لەگەلَ بیزەنتەدا پەیوەندیەکی دوژمنکارانە بووە نەك پەیوەندی ئاینی و باوەڕداری ، ئەوان گرنگی ئەو پەیامە مەزنەی ئیسلام لە بیر دەکەن کە خەڵکی لە تاریکیەوە گەیاندە ڕوناکی و ئارەزووی موسڵمانان بۆ جیهاد و بلاَوکردنەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام هەروەها ئەوەم ڕوون کردۆتەوە کە چۆن ڕۆژهەلاَتناسەکان جەختیان لەسەر دیاردەی بلاَو بوونەوەی شوێنی قومار بازی و مەی نۆشین و تاوانی داوێن پیسی کردووە کە بیَ سزا تێدەپەڕیَ .. بەلاَم مەسەلەکە بە هیچ شێوەیەك ئاوەها نیە بەڵکو بەشێکی زۆری بابەتەکە شێوێندراوە و ڕووی ڕاستی مەسەلەکە ئاوەژوو کراوەو تۆمەتی درۆی پێوە لکێنراوە بە مەبەستی شێواندنی ڕووی ڕاستی ئیسلام ..وە لێکدانەوەی ڕۆژئاوا بیَ توانایە لە تێگەشتنی ڕەهەندەکانی مێژووی ئیسلامی و ناتوانرێت تیَی بگەن لەژێر ڕۆشنایی تێڕوانینی ئیسلامی گشتگیرو تەواو نەبێت بۆ ژیانی مرۆڤایەتی ، هەر لێکدانەوەیەك لەسەر بنەمایەکی جیاواز بێت لەم بنەمایە جۆرێکە لە هەڵەی زانستی .

بەلأم بەشی دووەم کە سەبارەت بە ڕۆژهەلأتناسی و کەسێتی خەلیفەکانی ئەمەویە ، ئەوا لە سەرەتا باسم لە کەسێتی خەلیفە ( معاویەی کوڕی ئەبو سفیان ) ی دامەزرێنەری دەوڵەتی ئەمەوی کردووە لە ڕوانگەی ڕۆژهەلأتناسەکانەوە چۆن ڕایەکانیان سەبارەت بە وەسفی ئەم خەلیفەیە جیاواز بووە ، لە نێوان باس کردنی بە باشە لەلایەن هەندێکیان و باس کردنی بە خراپە لەلایەن ئەوانی دیکەوە کە گوایە پەیوەستی لەگەڵ ئیسلامدا بەهێز نەبووە .. دواتر باسم لە (یەزیدی) کوڕی کردووە و ئەو تۆمەتانەی ئاڕاستەی کراوە و بەدرێژی و تێروتەسەلی باسم لە هەندێك ڕوداوی گرنگی سەردەمەکەی کردوە ، وەك کوژرانی ( حسین کوڕی علی) و جەنگی (حرە) و سوتانی(کعبە) لەبەر پەیوەندی ڕاستەوخۆی ئەم ڕووداوانە بە خەلیفە (یزید) . بەپێی ڕای ڕۆژهەلأتناسەکان - ڕۆژهەلأتناسەکان بەردەوام پشتیان بە هەواڵی لاواز بەستوەو لەسەر بنەمای حوکمیان داوە و پەنایان بۆ هەواڵی نامۆو ناوازە بردووە تاوەکو وەك هەواڵی ناسراو بەناوبانگ پێشکەشی بکەن ، چونکە ئەوان بەر لەهەموو شتێك بیرۆکەکەیان لای خۆیان گەلاڵە کردووە دواتر پەنایان بۆ ڕووداوەکانی مێژوو بردووە تاوەکو کەرەستەی پێویستی لێوەرگرن بۆ پشتگیری بیرو بۆچوونەکانیان ، جگە لەوەش هیچیان بەهەند هەڵنەگرتووە و پشتیان بە قسەو سەرگوزشتەی شیعەکان بەستووە کە بەردەوام دوژمنایەتی ئەمەویەکانیان کردووە .چونکە زۆر ئەستەمە کە (یەزید) لە کاتێکدا خەلیفەی موسڵمانانە ئابەو شێوە دزێوو ناشرینە بێت کە ڕۆژهەلأتناسەکان وێنای دەکەن ئەویش (کوفر و- بێ باوەڕی) یە ، تەنانەت گەر بێتو وەك ئەگەرێکیش ڕایەکانیان ڕاست بێت - ئەوا کاتێك کەسێك هەڵە دەکات و هەڵس و کەوتی ناشایستەی لێ بەدەردەکەوێت ئەوا هیچ گوناهو کەمو کوڕیەك لە ئیسلامدا نیە بەڵکو لە خۆیاندایە . پاشان باسم لە ڕای ڕۆژهەلأتناسەکان کردووە سەبارەت بە خەلیفە (عبدالملك) کە چۆن وەسف و ستایشی ئاینی و خواپەرستی ئەو خەلیفەیەو پەیوەندی بەهێزی بە ئیسلامەوە کراوە بەر لەوەی ببێتە خەلیفەو دواتر چۆن گۆڕاوە دوای دەسەلأت گرتنە دەستی هەموو شتێکی خستۆتە ژێر ڕکێفی سیاسەتەوە - کەچی باسی ئەوەیان نەکردووە کە بە ((کۆتری مزگەوت)) ناوبراوە لەبەرئەوەی بەردەوام خەریکی قورئان خوێندن بووە ، یا (وەلید) ی کوڕی کە مایەی ڕێزو ستایشی ڕۆژهەلأتناسەکان بووە بەو پێیەی یەکێك بووە لە کەسایەتیە هەرە دەست و دڵ باشەکانی شام و پاسەوانێکی هەرە بە ئاگا بووە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی موسڵمانان ..

بەلأم خەلیفە ( سلیمان کوڕی عبد الملك ) کەسێك بووە زیاتر دوای ئارەزووی تایبەتی و هەوەسبازی خۆی کەوتووە لە تێڕوانینی ڕۆژهەلأتناسانەوە ژن و کەنیزەکەکانی خۆی لە گۆڕەپانی جەنگ و غەزا لاپەسەند تر بووە : بەلأم لە ڕاستیدا هەرگیز پەلەی نەکردووە لە خوێن ڕشتنداو ڕاوێژپێکردنی عاقڵمەندانیش پێ نەنگی نەبوو .

هەروەها باسم لە کەسێتی خەلیفە (عمر کوڕی عبدالعزیز) و سیاسەتە داراییەکەی کردووە لە تێڕوانینی ڕۆژهەلأتناسانەوە ، تا ئەندازەیەك بە درێژی لام لێکردۆتەوە لەبەر ئەوەی ئەم مەسەلەیە زۆری لەسەر نوسراوە ، تەنانەت خودی ڕۆژهەلأتناسەکان ڕەخنەیان لەیەکتر گرتووە لە مەسەلەی

کەسێتی خەلیف ( عمر کوڕی عبدالعزیز) و سیاسەتی دارایی ئەو خەلیفەیە ، بەڵام خەلیفە (یەزیدی دووەم) بەلای ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە کەسێکی زۆر ڕۆمانسی بووەو هیچی نەزانیوە دەربارەی کاروباری ئیداری و تەنانەت لە تاو مەرگی کەنیزەیەك مردووەو سەری ناوەتەوە .

سەبارەت بە خەلیفە ( هشام کوڕی عبدول مەلیك ) ووتویانە . کەسێکی دەست تەنگەو تێڕوانینی بۆ دەوڵەت هەمان تێڕوانینیەتی بۆ هەرێمێکی بچوکی ژێر دەسەڵاتی و پێی وایە دەبێت وەبەربهێنرێت و چەندین سیفەتی دیکەی نامۆو ناوازەیان دابووە پاڵی چونکە هشام توندترین خەلیفەکانی ئەمەوی بوو، خاوەن عەقڵێکی فراوان و بەڕاو تەکبیر بوو .

هەروەها لەبارەی خەلیفە وەلیدی دووەم ووتویانە هێندەی بیری لای مۆسیقاو شیعرە هێندەی بیری لای قورئان نیە و گوایە لەکاتی فێر بوونی نیشان شکێنی دا قورئانی کردۆتە نیشانە بۆ فێربوون . گشت ئەم کەم و کوریانە گەر بەم شێوە تاریك و ناشرینەش بێت کە ڕۆژهەڵاتناسان باسی لێوە دەکەن ئەوا ئەم کەم و کوڕیانە لە کەسایەتی خەلیفەکەدایە نەك لە ئیسلامدا .

# The country of the Ommiad and the perssonality of its califs from same orientalist's point of view

Oriental studies dealt with Islamic history and Ommiad age especially, according to the different desires of their authors.

The orientalists look at Islam in a way that impairs our history. It hides many of its good qualities and makes its mistakes more magnificent, for example the orientalists try to concentrate on events like a certain verse, the saying of one of the governors, while they pay no attention to the position the principles of Isslam rised human to and also they pay no attention to the positive and glorious experiiences that the Islamiic sociiety had witnessed .

In fact the difference between our and orientalist's attitudes toward Islam is not something strange, becoause their way of thinking about Isslam is different from our way of thinking about it. Poliitical and raccialism factors hide the truth from the west for many centuries, so they denied the noble position of Islam in histtory and Islam's role in civilizing the world.

As far as the content of this research is concerned ,I devided this research into two chapters:

The first chapter deals with the Ommiad country as a political in the orientalist's point ofview without mentioning any secondary aspect of the foreing and domistic policy of country except some outstanding phenommena, I did not mention an important phenomenon as long as the oriental studied emphasised on which is supporting phenomenon under the ommied rule , because many researchers had wweitten about it moreover this sabject needs a special research .

This chapter deals also with transfering pilgrimage from Mecca and Madina to Beit Al-Maqdis in Abdul Malik's age .It deals with the orientalist's opinion about applying Islam in the open country , it also deals with the relationship between the Ommiad country as a political institution with the previous institutions as a Byzantine and the Sassanidae, and with what the orienta list's mentioned about spreading the phenomenon of houses of gambling, drinking and commiting adultery without punishment .

The second chapter deals with Mu'aawia Bin Abi Sufien, who established the Ommiad country in the orientalist's point of view ,and also his son yazeed who was accused by many accusations. It deals with the orientalist's .point of viiew about the calif Abdul Malik Bin Marwan and his tow ssons Waleedand sulaiman, as well as yazeed Al-Thani, Hisham Bin Abdul Malik and the calif waleed Al-Thani.

## الدولة الاموية وشخصية خلفائها من وجهة نظر بعض المستشرقين

أن الاستشراق لم يترك شيئاً من تاريخنا الإسلامي بوجه العام، والعصر الأموي بوجه الخاص ، الا وتناوله وفق مناهج متعددة ، واختلف مادتها باختلاف ميول مؤلفيها.

ينظر المستشرقون الى الاسلام بمنظاريلون لنا تاريخنا تلوينا يحجب عنها كثيرا من محاسنه، وتعظم لها هفوانه فمثلا هذا بيت شعر ، أو قول حاكم، أو جملة في حوار ، أو تصرف لاحد الولاة فيحاولون التركيز الضغط على هذه الاحداث، وصرف الانظار ولو جزئيا على الذروة الرفيعة التي صعدت اليها مبادئى الاسلام بالانسان، وعن الممارسات المضيئة والايجابية التي شهدها المجتمع الاسلامي.

والواقع انه ليس بالامر الغريب أن يختلف المستشرقون معنا-نحن المسلمين-حول الاسلام وانما الغريب أن يتفقوا معنا في الرأي، وذلك لأن منطلق تفكيرهم بالنسبة للاسلام يختلف عن المنطق الذي يصدرعنه تفكير المسلمين. لقد حجبت عوامل التعصب والسياسية وجه الحق عن الغرب عدة قرون، فانكروا ماللاسلام من مقام الكريم في التاريخ ودور المسلمين في تمدين العالم.

أما محتويات البحث فقد آثرت أن أقسم البحث الى فصلين ففي الفصل الاول : تناولت فيه الدولة الاموية كمؤسسة سياسية في نظر المستشرقين دون أن نتطرق الى جوانب فرعية من السياسية الداخلية والخارجية للدولة الا في بعض الظواهر البارزة. هذا ولم أتطرق الى ظاهرة مهمة طالما اكدت عليها الدراسات الاستشراقية وهي ظاهرة الموالي في ظل الحكم الاموي وذلك لغزارة ماكتب عنها، كما أنها تحتاج الى بحث مستقل.

كما تطرقت في هذا الفصل الى مسألة تحويل الحج(الموضوعة) من مكة والمدينة الى بيت المقدس في البلاد المفتوحة، وعلاقات الدولة الاموية كمؤسسة سياسية بالمؤسسات التي سبقتها كالبيزنطية والساسانية، وكذلك ما ذكره المستشرقين عن ظاهرة انتشار بيوت القمار وشرب الخمر وارتكاب جريمة الزنا دون عقاب .

أما الفصل الثاني فقد تناولت فيه شخصية معاوية بن ابي سفيان مؤسس الدولة الاموية في نظر المستشرقين وكذلك ابنه يزيد الذي كثرت التهم الموجهة ضده. ومن ثم وجهة نظر المستشرقين عن الخليفة عبدالملك بن مروان وأبنيه وليد وسليمان وكذلك يزيد الثاني بن عبدالملك و وليد الثاني.

**پەراوێزەكانی بەشی یەكەم:**


١. الطبري : تأريخ الرسل والملوك، ١٦٥/٦ ، أبن العماد الحنبلي : شندرات الذهب٥٢/١ .

٢. الدولة العربية وسقوطها، ص٥٣.

٣. علي ابراهيم حسن : التاريخ الاسلامي العام، ص٢٠٩ .

٤. دراسات في حضارة الاسلام،ص١٤١

٥. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص١١ .

٦. ثابت الراوي : تأريخ الدولة العربية،ص١١٥-١٢٠ .

٧. حسن ابراهيم حسن : تأريخ الاسلام السياسي، ج١/ص٢٥٧ .

٨. دراسات في حضارة الاسلام .ص٥٨.

٩. هەمان سەرچاوەی پێشوو،ص٧٧.

١٠. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص٦٤ .

١١. توفيق سلطان اليوزبكي : دراسات في النظم العربية الاسلاميةص٥٢ وەرگیراوە لە ابن قتيبة : الامامة والسياسة .

١٢. حضارة الاسلام ،ص ١٤٢ .

١٣. الاسلام ،ص١٨١ .

١٤. تأريخ العرب العام،ص١٤٧ .

١٥. العرب انتصاراتهم وأمجاد الاسلام،ص١٠٢ .

١٦. الدولة العربية وسقوطها ،ص١٧٣-١٧٤ .

١٧. دراسات في حضارة الاسلام،ص٦٦ .

١٨. هەمان سەرچاوەی پێشوو،ص٦٧ .

١٩. تأريخ العرب العام،ص١٤٧ .

٢٠. هەمان سەرچاوەی پێشوو،ص١٤٧ .

٢١. العرب ،انتصاراتهم وأمجاد الاسلام، ج٢/ص٢٨٠ .

٢٢. تأريخ الدولة العربية ،ص٤٢٤.

٢٣. العرب،انتصاراتهم وأمجاد الاسلام ،ص١٣٣ .

٢٤. تأريخ مسلمي اسپانيا،ص١٣٣ .

٢٥. هەمان سەرچاوەی پێشوو،ص١١٣ .

**پەراوێزەکانی بەشی دووەم:**

١. العرب وانتصاراتهم وأمجاد الاسلام،ص٩٦-٩٧ .

٢. تأريخ العرب العام،ص١٤٤ .

٣. تأريخ الشعوب الاسلامية،ص١٥٠-١٥١ .

٤. الدولة العربية وسقوطها،ص١١٠ .

٥. هەمان سەرچاوەی پێشوو،ص١٠٩ .

٦. التنبيه والاشراف،ص٢٧٧ .

٧. خليفة بن خياط:تأريخ خليفة بن خياط،ص٢٥١/الطبري،تأريخ الرسل والملوك،ج٦/ص١٦٩ .

٨. الذهبي: سيرة اعلام النبلاء،ج٣/ص١٥٧/ الطبري :تأريخ الرسل والملوك،ج٦/١٦٩ .

٩. السيوطي :تأريخ الخلفاء،ص٧٧.

١٠. المسعودي : مروج الذهب،ج٢/ص٩٢/علي ابراهيم حسن: التأريخ الاسلامي العام،ص٢٨٢-٢٨٨ .

١١. تأريخ الشعوب الاسلامية،ص١٥١ .

١٢. تأريخ مسلمى اسپانيا،ص٥٤ .

١٣. تأريخ العرب العام،ص١٥١ .

١٤. العرب، انتصاراتهم وامجاد الاسلام،ص١٠٠ .

١٥. الدولة العربية وسقوطها،ص١٣٧ .

١٦. المسعودي : التنبيه والاشراف،ص٢٨٠ .

١٧. حضارة الاسلام ،ص٢٤٥ .

١٨. الخوارج والشيعة،ص١٧٧ .

١٩. الطبري : تأريخ الرسل والملوك،ج٦/ص٢٧٠ .

٢٠. تأريخ مسلمى اسپانيا،ص٧٣-٧٤.

٢١. هەمان سەرڤاوەی پێشوو،ص٦٧-٦٨ .

٢٢. الدولة العربية وسقوطها،ص١٣١ .

٢٣. هەمان سەرچاوەی پێشوو،ص١٢٩

٢٤. العرب ، وأنتصاراتهم وأمجاد الاسلام ،ص١٠٠-١٠١ .

٢٥. الطبري : تأريخ الرسل والملوك،ج٦/ص٢٧٤ .

٢٦. هەمان سەرچاوەی پێشوو،ج٧/ص٤.

٢٧. علي ابراهيم حسن، التاريخ الاسلامي العام،ص٢٨٩-٢٩٢ .

٢٨. التنبيه والاشراف،ص٢٨٥ .

٢٩. عبدالمنعم ماجد: التأريخ السياسي للدول العربية،ص١٠٣ .

٣٠. السيوطي : تأريخ الخلفاء،ص٨٥.

٣١. تأريخ الشعوب الاسلامية،ص١٣٥ .

٣٢. الدولة العربية وسقوطها،ص١٧٠ .

٣٣. تأريخ مسلمى اسپانا،ص١٣٣ .

٣٤. المسعودي :التنبيه والاشراف،ص٢٨٩ .

٣٥. الراوي : تأريخ الدولة العربية،ص١٦٣ .

٣٦. العرب، انتصاراتهم وأمجاد الاسلام،ص١١٣ .

٣٧. الدولة العربية وسقوطها ،ص١٨٢ .

٣٨. التنبيه والاشراف،ص٢٩٠ .

٣٩. علي ابراهيم حسن: التأريخ الاسلامي العام،ص٣١٥-٣١٧ .

٤٠. العرب ،انتصاراتهم وأمجاد الاسلام،ص١١٧ .

٤١. تأريخ الشعوب الاسلامية،ص١٤٨ .

٤٢. المسعودي: التنبيه والاشراف،ص٢٩١ .

٤٣. الدولة العربية وسقوطها،ص٢١٤ .

٤٤. عمادالدين خليل: ملامح الانقلاب الاسلامي في خلافة عمر بن العزيز،ص١١١ .

٤٥. تأريخ مسلمى اسپانيا،ص١٣٤ .

٤٦. العرب، انتصاراتهم وامجاد الاسلام،ص١١٨ .

٤٧. تأريخ الشعوب الاسلامية،ص١٨٢ .

٤٨. الدولة العربية وسقوطها،ص٢٤٥ .

٤٩. هەمان سەرچاوەی پێشوو،ص٢٥٩ .

٥٠. هەمان سەرچاوەی پێشوو،ص٢٤٥ .

٥١. هەمان سەرچاوەی پێشوو،ص٢٥٩ .

٥٢. تأريخ الشعوب الاسلامية،ص١٨٣ .

٥٣. هەمان سەرچاوەی پێشوو،ص١٩٣ .

٥٤. الدولة العربية وسقوطها،ص٢٦١ .

٥٥. هەمان سەرچاوەی پێشوو،ص٢٧٧ .

٥٦. المسعودي : مروج الذهب،ج٣/ص٣٧٠،/الراوي : تأريخ الدولة العربية،ص٢١١ .

٥٧. الدولة العربية وسقوطها،ص٢٨٠ .

٥٨. هەمان سەرچاوەی پێشوو،ص٢٩٠ .

٥٩. تأريخ مسلمي اسپانيا،ص١٨٧ .

٦٠. علي ابراهيم حسن: التأريخ الاسلامي العام،ص٣٢٦-٣٢٧ .

٦١. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە : فاروق عمر :الخليفة القاتل مروان بن محمد.

**سەرچاوەکان:**


**بروكلمان : كارل.**

١- تأريخ الشعوب الإسلامية، ترجمة د.شبيه فارس ومنير البعلبكي، الطبعة الثالثة، دار العلم للملاين، بيروت،١٩٦٠م.

**اليوزبكي : توفيق سلطان .**

٢- دراسات في النظم العربية الإسلامية، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة الموصل،ص١٩٨٨.

**جب : هاملتون.**

٣- دراسات في حضارة الاسلام تحرير، ستانغوردشو، وليم بولك، ترجمة د. احسان عباس ود. محمد يوسف نجمو د.محمود زايد ،الطبعة الثانية، دار العلم للملاين، بيروت،١٩٧٤.

**جرونيبام : جوستان.**

٤- حضارة السلام ،ترجمة عبدالعزيز توفيق ومراجعة عبدالحميد العبادي، دار مصر للطباعة، بدون تأريخ.

**جيوم : الفريد.**

٥- الاسلام، ترجمة د، محمود مصطفى هدارة ود.شوقي اليماني السكرى، الطبعة الاولى، مكتبة النهضة المصرية ومطبعة لحنيز البيان العربي، القاهرة ١٩٨٥م.

**خليل : عمادالدين .**

٦- ملامح الانقلاب الاسلامي في خلافة عمر بن عبدالعزيز، الطبعة الثانية، الدار العملية للطباعة، بيروت ،١٣٩٢هـ/١٩٧١م.

***خياط : خليفة بن .***

٧- تأريخ خليفة بن خياط ، تحقيق : اكرم ضياء الدين العمري، مطبعة الاداب، النجف ،١٩٦٧م.

***حسن : ابراهيم حسن.***

٨- تأريخ الاسلام ، دار الجيل ،بيروت، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، الطبعة الرابعة عشرة، ١٩٩٦م.

***حسن : علي ابراهيم .***

٩- التأريخ الاسلامي العام، مكتبة الفلاح، كويت ،مكتبة النهضة المصرية، القاهرة ، بدون تأريخ.

***الحنبلي : ابن العماد.***

١٠- شذرات الذهب في أخبار من ذهب، دار الكتب العلمية، بيروت ،بدون تأريخ.

***الذهبي : شمس الدين محمد بن أحمد.***

١١- سير اعلام النبلاء، تحقيق :محب الدين ابي سعيد،دار الفكر للطباعةوالنشر والتوزيع، بيروت،١٩٩٧م.

***دوزي : رنسيمان .***

١٢- تأريخ مسلمي الجزء الاول، ترجمة دزحسن حبش ومراجعة د، جمال محرز ود. مختار العبادي، المؤسسة المصرية العامة، دار المعارف، القاهرة ١٩٦٣م.

الراوي : ثابت اسماعيل.

١٣- تأريخ الدولة العربية ، مطبعة الارشاد، بغداد،١٩٧٦م.

***سالم : السيد عبدالعزيز .***

١٤- تاريخ الدولة العربية ،مؤسسة الثقافة الجامعية / اسكندرية مطبعة معهد دون يوسكو، الاسكندرية، ١٣٩٤هـ/١٩٧٢م.

***سيديو : ل.أ.لويس اميلي.***

١٥- تاريخ العرب امبراطورية العرب، ترجمة عادل زعيتر، الطبعة الثانية، عيسى البابي الحلي وشركاه، ١٣٨٩هـ/١٩٦٩م.

***السيوطي : جلال الدين بن ابي بكر .***

١٦- تأريخ الخلفاء ، المطبعة الشرفية، القاهرة ، ١٣٥١هـ/

***الطبري : ابي جعفر بن جرير .***

١٧- تأريخ الرسل والملوك ، تقديم ومراجعة: صدقي جميل العطار، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٩٨م.

***عمر : فاروق .***

١٨- الخليفة المقاتل مروان بن محمد، طبع دار العربية، بغداد، ١٩٨٥م. ***فلهاوزن : يوليوس .***

١٩- الدولة العربية وسقوطها، ترجمة يوسف العش مطبعة الجامعة السورية، دمشق، ١٣٦٧هـ/١٩٥٦م.

٢٠- الخوارج والشيعة ، ترجمةعبدالرحمن البدوي، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ١٩٥٨م.

*لوبون : غوستاف .*

٢١- حضارة العرب، ترجمة عادل زعيتر، مطبعة عيسى البابى الحلبى وشركاه، بدون تاريخ .

*ماجد : عبدالنعم .*

٢٢- التأريخ السياسي للدول العربية ، مكتبة الانجلو المصرية ، القاهرة ، ١٩٧٥م.

*المسعودي : ابو الحسن بن الحسين .*

٢٣- التنبيه والاشراف، طبعة جديدة منقمة باشراف لجنة تحقيق التراث، دار ومكتبة الهلال، بيروت، ١٩٨١م.

٢٤- مروج الذهب ومعادن الجوهر، منشورات الجامعة اللبنانية، بيروت، ١٩٦٦م.

*نتنج : انتوني .*

٢٥- العرب انتصاراتهم وامجاد الاسلام، ترجمة د. راشد البراوي، مكتبة انجاو المصرية، ١٩٧٤م.

* * *